# شانۆكار

گۆڤارێكی شانۆیی وەرزییە
تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك
دەری دەكات
ژمارە (١) بەهاری ٢٠٠٧

خاوەنی ئمتیاز:
تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك
سەرنووسەر:
نیهاد جامی
دەستەی نوسەران:
فریاد ئەحمەد
كاسترۆ مەجید
ئەدرێس:
shanokar@maktoob.com
nihadjami@hotmail.com
ئاسیا: ٠٧٧٠١٤٩٥٣٧٢
كۆرەك: ٠٧٥٠٤٠٥١٤٧٤
دیزاین:
وشیار محەمەدئەمین مستەفا

* هەموو پەیوەندیەكان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت
* هەر بابەتێك بلاو نەكرێتەوە بە خاوەنەكەی دەدرێتەوە
* شانۆكار بەرپرسە لەو بابەتانەی بلاوی دەكاتەوە

# سەروتار

## شانۆکار فەونێکیتری ئەزمونکاریەت

دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك هاوکات بوو لەگەڵ دۆخێك کە یەکی نەدەگرتەوە، چ لە ژمارە زۆری تیپە شانۆیەکانی شارەکە، یا لەگەڵ ئەو دۆخە دەروونیەی هاولاتیان تێی کەوتبوون و تائێستاش درێژەی هەیە، دۆخێکە مردن لە شێوەی جیاواز هەرەشە لە ئارەزووی ژیاندۆستی دەکات، بەلام هەر لە سەرەتاوە پرۆژەی خەون لەلامان گەورەتر بوو لە تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلەکان، هەر بۆیە سەیر نیە هەمیشە لە کاتی پرۆڤەکانمان چەند چرکەیەك دەنگی تەقینەوەکان ڕامان دەگرن، لەگەڵ هەناسەی حەسرەت وخەون بە شارێکی هێمنەوە سەرلەنوێ دەگەڕێینەوە ناو پرۆڤەکانمان، لەگەل ئەو هەموو مەینەتیانەی لە کارێکی شانۆیی قەبووڵی دەکەین، کەچی کاتێ داوای مۆڵەتی ڕەسمی لە بەرێوبەرایەتی هونەری شانۆ دەکەین ئەو مافەمان پێ رەوا نابینن جارێك بەبیانوی تەواو نەبوونی بەڵگەی پێویست و جارێك بەناوی نەبوونی پێنج ئەندامی بڕوانامەی پەیمانگا و جارێکیتریش بە بیانوی نەبوونی بیست ئەندام، هەموو ئەو دەست بەڕوو نا نانەوە وامان لێ ناکەن ئێمە لە پرۆژەکانمان دوا بکەوین، ئێمە جارێکیتر ڕایدەگەیەنین تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك لەرۆژی ٢٠٠٦/٣/١٦ دامەزراوە بەدوای تێپەڕینی ساڵێك بەسەر تەمەنی تیپەکە ئەم شانۆگەریانەی پێشکەش کردووە "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆچاوەروانی گۆدۆ، گەران بەدوای ڕاستیەکاندا، خاچ، سەگ و دەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا" وا یەکەم گۆڤاری شانۆیی خۆشی بلاو دەکاتەوە، ئێمە ڕایدەگەیەنین تیپەکەمان بریتین لە شەش شانۆکار ئەگەر بەرێوبەرایەتی شانۆ ئامادەیی تیابێت مۆڵەتمان پێ بدات ئەوە قبووڵی دەکەین، ئەگەر ئەوان سوورن لەسەر مەرجەکانی خۆیان ئەوا ئێمەش سوورین لەسەر پرۆژەکانمان، پرۆژەکانی ئێمە لەسەر کەس پەکی نەکەوتووە. سەیرە مانگانە ئەو هەموو داهاتە بۆ چەندین تیپی شانۆیی سەرف دەکرێت، بێئەوەی بەرهەمەکانیان دیار بێت، بەلام دیارە یاسای خێڵ پەڕیوەتەوە ناو دامەزراوێکی وەکو شانۆش بۆیە زۆری ئەندام و خاوەن بڕوانامەکان دەبنە پێوانە، ئێمە ناچین لەرێگەی هاوڕێیەتیەوە پێنج خاوەن بڕوانامە و ناوی وەهمی بیست کەس بنووسین بۆ ئەوەی مۆڵەتمان پێبدەن، ئەو بێوەلامیەی ئەوان بۆ ئێمە لە تەقینەوەکەی مەحکەمە گەورەتر نیە کاتێ لەپرۆڤە دەهاتینە دەرەوە ولە نزیکمانەوە تەقینەوەکە ڕوویداوە، بەیانیش چووین هۆڵەکەمان پاك کردەوە لە شووشە شکاوی تەقینەوەکە، دوای چەند سەعاتێکیش شانۆگەری (خاچ) مان تیا نمایش کرد، ئێمە چونکە لەشارێکی وادا خۆمان بەخاوەنی شەرعی پرۆژەی خەون لەشانۆی ئەزمونگەری دەزانین، بۆیە هیچ کاتێك کێشەی دارایی نەبۆتە گرفتی ئێمە، تا ئەو ساتەوەختەی قسەی تیا دەکەین ئێمە بارەگایەکمان نیە بۆ تیپەکەمان بودجەیەکمان بۆ نمایشەکانمان بەدەستەوە نیە، بەڵکو هەموو تواناکانی ئێمە ئەندامانی ئەو تیپە بەڕێوەیان بردووە، پێویستە لێرەدا سوپاسی هاورێیانی تیپی شانۆی ئاشتی کەرکوك بکەین کە هەمیشە دەرگای تیپەکەیان بۆ ئێمە والابووە و بوەتە شوێنی کۆبونەوە و دانیشتنەکانمان، تەنانەت هەندێ جار هاوکاری داراییشیان کردووین، بەلام ئەوانە نەبوونە هۆی ئەوەی لەپرۆژەکانمان ساردمان بکەنەوە، بەلکو دیسان خەون و سووربوون لەسەر ئەو پرۆژە ئەزمونکاریە ئەزمونێکیتری پێ بەرهەم هێناین، ئەوەتە گۆڤارێکی شانۆیی وەرزی خەونێك بووو هێنامانە دی، زۆریشمان مەبەست بوو نۆبەرەی گۆڤاری شانۆکار مەلەفێکی تایبەت بێت بە (لابۆری شانۆی لالش) لەرێگەی گفتوگۆ و نووسین و وەرگێرانەوە بتوانین بەشداریەك بکەین لەتەك ئەزمونەکانی ئەو لابۆرە، بۆ ئەوەی بێئاگا نەبین لەئاست ئەزمونی شانۆکارانێك کە لە ئاستی دنیا جێگەی باس و قسەکردنن، ئەگەرچی بڕوایەکی پتەومان بەوە هەیە کە دەبێت لە داهاتوودا ئەزمونەکانی ئەو لابۆرە لە کوردستان ئەزمون و پرۆژەی جیاواز بەرهەم بێنێت، ئەوە بە تەنیا خەون و خولیایەکی ئێمە نیە، بەڵکو شەماڵ و نیگار بۆخۆشیان لە نامەیەك بۆ ئێمە نووسیویانە "زۆرتان بیر دەکەین و هەمیشە لەو خەونەداین پرۆژەی جیاواز و ئەلتەرناتیڤ و ئەزمونکاری لەتەك ئێوە لە کوردستان بەئەنجام بگەیەنین"

ئیدی ئەوە یەکەم ژمارەی شانۆکارمان خستە بەردەستی شانۆکاران و لێرەدا پێویستە سوپاسی کۆمەك و هاوکاری لابۆری شانۆی لالش بکەین کە بەو پەڕی لەخۆ بووردویەوە لەپێناو سەرکەوتنی ئەو ژمارەیە هاوکاریان کردین وە سوپاسی هەموو ئەو ئازیزانەش دەکەین کە بەگیانێکی بەرپرسیاریەیتەوە لەم ژمارەیەدا هاوکارمان بوون، ئەم ژماریە دوو مەلەف دەگرێتە خۆی، یەکەمیان بەناوی (لابۆری شانۆی لالش) مەلەفی دووەمیشمان تایبەت دەبێت بە (شانۆی پاش تازەگەری ) لێرەشەوە ڕایدەگەینین کە ژمارەی داهاتووی شانۆکار تایبەت دەبێت بە دوو مەلەف یەکەمیان لەژێر ناوی (شانۆی ئەزمونگەری ) مەلەفی دوەمیش لەبارەی (شانۆی توندو تیژیی ) ئەنتوان ئارتۆ بەهیوای لەڕێگەی لێکۆڵینەوە و ووتار و ڕەخنە و نووسین و وەرگێران بەشداری لەم پرۆژەیە بکەن.

**تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك**

## مەلەفی یەکەم



# لابۆری شانۆی لالش

# لابۆری شانۆی لالش
# "دەنگ وەكو سەرچاوە"
# گەڕانێكی تری ئەزموونكارانە

**شۆرش محەمەد حسێن**

له كۆتايی هەشتاكانەوە بۆ سەرەتای نەوەدەكان هەردوو هونەرمەندی ئەزموونكار (شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب قەرەداغی ) سەرقاڵی گەڕانێكی دیكەی ئەزموونكارانە بوون، كه جەختی دەكردە سەر كۆنسێپتی (كلتورفیزیكی) وەكو ئەڵتەرناتیفێک بۆ كۆنسێپتی (سایكۆفیزیكی). لەساڵی ١٩٩٢ هەتا ساڵی ١٩٩٨هەردوو هونەرمەند له گەڕانێكی تردا بەرەو پرۆسێسێكی ناتەباو جودا لەبارەی تەكنیكەكانی بەرجەستەكردن هەنگاویان نا كه به (كلتوری پرفۆرماتیفی) ئاماژەیان پێدا و تیایدا دەرئەنجامی ئەزموونەكانی پێشویان قوڵتر كردەوە بۆ خوڵقاندنی كۆمەڵێک پرسیای پراكتیكی لەمەڕ كێشەكانی گوتاری جەسته له شوێنكاتدا. لەوسالانەشدا كۆمەڵێ ئەزموونی پێرفۆرمانسیان له نەمسا و وولاتانی تری ئەوروپا به سەركەوتنێكی لەبەرچاو به ئەنجام گەیاند، له وانەش: داستانی چاوەڕوانی، ورێنەی دوا جەنگ، خەونێک له ئۆقیانوسی چوارەمدا، چاوەڕوانی، بەشێک له مەملەكەتی لم، شیر+ هەنگوین، دووباره بەهەشت ئێستا.

بەئامانجی پتر گەڕان و توێژینەوەی پراكتیكی هەردوو هونەرمەند له ساڵی ١٩٩٨ لابۆری شانۆی لالشیان له ڤییەنای پایتەختی نەمسا دامەزراند. لەساڵی ٢٠٠٠ وە لابۆری لالش توانی بنكەی جێگیری خۆی وەكو هۆڵێكی شانۆیی و لابۆرێكی هەمیشەیی له ڤییەنا دابمەزرێنێت ئەمەش لەپێناوی گەڕان و دۆزینەوەی (مەعریفەی دەنگ )دا لەڕێگەی ئاهەنگساز ، چاودێری هاوبەش، پێككگەیشتنی پێرفۆرماتیفی ، لەبری چەمكه باو وناسراوەكانی شانۆ وەك " ئەكتەر ، دەرهێنەر ، نمایشی شانۆیی ". ئەم چەمكه تازانەش گەمەیەكی لینگویستیكی ڕووت نین، بەڵكو له پەیوەندییەكی زیندووی میتۆدی و پراكتیكیەوە بەكار دەخرێن و تایبەتمەندیەكانی ئەزموونی شەماڵ و نیگار له خۆ دەگرن.

شانۆ وەك چالاكییەكی داهێنەرانەی مرۆڤ ، لەتێگەیشتنی لابۆری شانۆی لالشدا شوێنێكی هەمیشەییه بۆ پرۆسەی



گۆڕان (التحول). بەواتای ئەوەی هەمیشه پرۆسەی گۆڕان لەسەر چەند ئاستێكی جیاواز تیادا ڕودەدات.

١- لەڕێگەی پرۆسەی نواندنەوە ، واته ئەكتەر بەنواندنی



کەسان و فیگور و بونەوەر و شتی تر هەڵدەستێ، لابۆری شانۆی لالش هەر لەسەرەتاوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم پرۆسێسی گۆڕانە کاری کردوە.

٢- گۆڕانی دووەم لەڕێگەی گریمانەکردنی تەکنیک و پرۆسەی هونەری ترەوە کە لەدەرەوەی کردەی جەستەیی ئەکتەرەوە بەئاکام دەگات . بەواتای ئەوەی کە بونەوەرە بکەرەکە دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی ئەفراندن وەك ئەوەی لەرابردو ڕوویداوە و و لەئێستاشدا ڕودەدات.

٣- گۆڕانێکی تریش لە ئارادایە ، کە ئەویش بریتیە لەو گۆڕانەی کە لابۆری شانۆی لالش پێیگەیشت و بریتیە لەو گۆرانەی کە توانستی زیندووی بکەرەکە لە پانتاییەکاندا بەرجەستەی دەکات، ئەمەش وەك کردارێکی ئیرادییانەی خۆیی و هەڵبژاردە لەپێناوی دۆزینەوەی گەورەترین ئاستی وزە و تێپەراندنی ( چۆنایەتی ) و گەیشتن بە ( جۆرایەتی ) .
بەواتای ئەوەی بونەوەرە زیندووەکە دەبێتە خودێکی سەربەخۆ و تەواوەتی، لێرەوە ئەو بونەوەرە بکەرە وەك دژ و ئەلتەرناتیفی تەواوی کرداری ئەکتەر خۆی دەناسێت و دەردەکەوێت، چونکە ئەو نوێنەرایەتی هیچ بونەوەرێك ناکات وهیچ شتێکیش لەدەرەوەی خودی خۆی نمایش ناکات، لێرەشدا ئەو بکەرە کردارە مرۆییەکان وەك مرۆڤێکی ئامادە لە شوێنکاتدا بەدیدەهێنێت . لێرەشەوە پرۆسەی (دەقئامێزی ) و (نوێنەرایەتی ) لەناودەچێت.

شەماڵ و نیگار ئاماژەی ئەوە دەکەن کە شانۆ و دەستکەوتەکانی لە مێژووە درێژەکەیدا دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە دەکرێت شانۆ دەست بەرداری هەموو ئەو شتانە بێت کە بۆ بەدیهێنانی پرۆسەی شانۆیی پێویستی پێی نییە و دەتوانێت بیکاتە دەرەوە بەتەنها جەستە نەبێت .... بۆچی ؟ چونکە جەستە خودی مرۆڤە. بۆیە لە لابۆرەکەماندا ئەم پسپۆرییە بەدەست هاتووە بە ( پەرستنی جەستە ) ناوزەددەکەین و ئەم پەرستنی جەستەیەش لە دارِشتەو شێوە جیاوازەکانی دا بەتایبەت لە ئەزموونەکانی ئەم دواییەدا یەکێك لە گرنگترین سەرچاوە ئەندامیەکانی مرۆڤی لەبیرکردووە کە ئەویش دەنگە .
لابۆری شانۆی لالش وادەبینێت کە تەنها جوڵە تاکە هەڵگری مێژووی کەسێتی نییە ، یاخود وەك شانۆی ئەمرۆ بە تاکە پاڵنەرێك بۆ کردارەکانی جەستە دەیبینێت. بەڵکو دەنگیش هەڵگری مێژووی کەس و یادەوەری و ئامادەگییەکانیەتی.

مەبەست لە دەنگ ئەو بەکارهێنانە تەکنیکیە جیاوازانە نیە کە لە شانۆی دیالۆکئامێزی و ئۆپێرا و شانۆی لیریکی مۆزیکی و تەنانەت ئەو ئەزمونە شانۆییە نوێنانەش کە دەنگ تیایدا لە بوار و بەهاریکاری ئامرازی تەکنەلۆژی بە ئاکام دێت .
دەنگ و گۆرانی لە چەمك و بەکارخستنی لابۆری شانۆی لالش دا بەئامانجی قوڵکردنەوەی کردەی دراماتیکی و تەنانەت بە ئاراستەی مۆنتاژکردنی دیمەنەکان و بەمەبەستی ڕووەو نامۆکردنی پرۆسەی شانۆیی کاری پیٚناکرێت ، بەڵکو شەماڵ و نیگار لە لابۆرەکەیاندا هەوڵی ئەوەیان داوە کە سەرجەمی ئەم تەکنیکانە و شێوازە کۆن و تەنانەت هەنوکەییەکانیش تێپەڕێنن .
لێرەوە لابۆری شانۆی لالش دەچێتە نێو سەرکێشییەکی دەنگییەوە کە بە پرۆسەی ( دەنگ وەکو سەرچاوە ) ناساندویەتی. دەنگ وەکو سەرچاوە و پاڵنەرێك بۆ خستنەکاری جەستە ، سەرچاوەیەك بۆ ڕوداوی فیزیکی و بونیادنانی ریتم و ڕوداو ... گۆرانیش لێرەدا بەتەنها بەمانای ئەوە نایەت کە گۆرانی



بوترێت ، بەڵکو بەواتایەکی تر، کردنی گۆرانیە بە حاڵەتێکی بینراو ، واتە (بەبینراو کردنی دەنگ) . دەنگ لێرەدا تەفسیری ڕووداو ناکات ، بەڵکو خۆی خودی ڕوداوەکەیە ، ئەتمۆسفێرە شانۆییەکە پێك ناهێنێت بەڵکو خۆی خودی ئەتمۆسفێرەکانە . ئەم پرۆسەیە بەمانی ئەوە نی یە کە ووشە و رستە و ناوەڕۆکی گۆرانی بە جووڵە و لە پانتاییدا بەرجەستە بکرێن، هەروەها لەتەک ئەمەشدا لە دەرەوە وێنەی جۆراوجۆر بەسەر پێکهاتە دەنگییەکاندا ناسەپێنرێت. کەواتە هەروەک چۆن دەنگ خۆی خودی ڕوداوەکەیە ، هەر بەو شێوەیەش کۆریۆگرافی جەستە بەئاکام دەهێنیت و هەر خۆشی واتە دەنگ دەبێتە سەرچاوەی دارشتنەوەی پانتاییەکان و خۆڵقاندنی کەرەستە و ماتریالەکانی. هەر ئەم پرۆسە دەنگییەشە (لە سەرەتای نەشونما و پێگەیشتنیەوە تا دەگاتە ئەکتسیۆنێکی بە ستروکتورکراو کە قابیل بە دووبارەبوونەوەیەکی تەواو و پڕاوپڕ بێت) ،شوێن و شێوەی دانیشتنی بینەران و ژمارەیان و ئامادەییان لە پانتاییەکەدا دەستنیشان دەکات . پرۆسەی ( دەنگ وەکو سەرچاوە ) لە ئاراستەیەکی تریدا هەوڵێکی ترە بۆ توێژینەوەی جەستە لە ڕێگەی دەنگەوە.

لەم ڕێگایەوە لابۆری شانۆی لالش هەوڵی ئەوە داوە کە بگاتە نهێنی ئەو مارە پێچاوپێچەی کەوەك خەوتوویەك لەناخماندا خۆی حەشارداوە ، ناخی جەستەمان ، ئەگەر ئەو جولا ئەوا ئێمەش دەجولێین ، ئەگەر هەناسەیدا ئەوا ئێمەش هەناسە دەدەین ، ئەگەرچاوی کردەوە ئەوا ڕووەو هەموو ئاراستەکان دەبزوێین ، ئەگەر دەمیش بکاتەوە ، ئەوا گوزارشت لە ئازارو تامەزرۆییەکانمان دەکات . ئەو هاوشێوەی وێنەیەکی زیندووی هێزی ژیانە .

شەماڵ عومەر دەڵێت " ئەو کاتەی باس لە دەنگ دەکەم وەك ئەوە وایە باس لە بونەوەرێکی زیندوو بکەم ... بەڵێ ... ئەو بونەوەرێکی زیندووە ... ئەو منە ... ئەو ئێمەیە "

پرسیاری سەرەکیش لەوە دایە ئایا دەتوانین لەم ڕێگەیەوە زمانێکی پەیوەندیکردن پێکبهێنین ؟

لەم پرسیارەوە لابۆری شانۆی لالش ئاماژە ئەوە دەکەن کە ئەو ئەزموونانەی پێشکەشی دەکەن نمایشێکی شانۆیی نییە بەواتا باوەکەی ، بەڵکو ناوی دەنێت ( پێکگەیشتنی پێرفۆرماتیفی ) .. ئەمەش ئاستی کۆتایی و تەواوەتی ئەم پشکنینە نییە ، بەڵکو ئامرازەکانی گەرانی ئەزمونکارانەی بەردەوامە .

لەم ڕوانگەیەوە شەماڵ عومەر لە کۆنسێپتی ژمارە (١)ی لابۆری لالش ئاماژە بەوە دەدات کە :" توێژینەوە و پشکنین ، توێژکاری و کردەی لابۆراتۆریۆم پرەنسیپە گرنگەکانی

پرۆژەو ئەزمونەکانی لابۆری شانۆی لالش پێکدێنێت . هەر ئەم بینینەشە وادەکات ئامانجی توێژینەوە پراکتیکیەکانمان بەرهەمهێنانی هونەری ڕووت نەبێت بۆ مەبەستی کەڵەکەکردنی نمایش و بەجێگەیاندنی وەرزی شانۆیی ، بەڵکو گەڕانە لەدوای سەرچاوە ڕەسەنەکانی وزەی جەستەیی ،گەڕانە لەدوای ئەو وزە زیندووانەی لە ڕێگایانەوە دەرك بەوە بکەین کە (جەستە ) زاکیرەی نییە بەڵکو خۆی زاکیرەیە و زاکیرەیەکی زیندووش ، (جەستە) بەشێك نییە لەئێمە ، بەڵکو خۆمان جەستەین . هەڵبەتە ئەم دەرك پێکردنەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە (مێزی نوسین ) تێپەڕێنین و توێژکارییەکانمان بەرەنجامێکی تەواوی پراکتیکی و ئامادەیی جەستەیی بن " .

لابۆری شانۆی لالش وەکو پێداویستییەکی شانۆیی بۆ توێژینەوەی ئەزمونکاری و گەڕانێکی بەردەوام لەدوی زمانێکی نوێی کۆمۆنیکاسیۆنی شانۆیدا لەساڵی ١٩٩٨لەشاری ڤییەنای پایتەختی نەمسا هاتە ئاراوە . ئەمەش دەرئەنجامی گەڕان و پشکنینێکی پراکتیکی و تیۆرییە لەساڵی ١٩٩١وە بە نێو میتۆدە گرنگ و لابۆرئاساکانی جیهانی شانۆو هەروەها لەپاش بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك ئەزموونی پراکتیکی گرنگ کە لەولاتی نەمسا و زۆربەی ولاتانی تری ئەوروپا لەلایەن هەردوو هونەرمەند ( شەماڵ و نیگار ) بەئەنجام گەیەنراوە و هەڵگری کۆمەڵێك پرسیاری ئەلتەرناتیڤی بوون ، وەکو پێداویستییەکی پراکتیکی ئەوا نیگارو شەماڵ توانییان سەنتەرێکی جێگیرو هۆڵی شانۆیی تایبەت بە خۆیان وەکو لابۆرێکی نێونەتەوەیی لەساڵی ٢٠٠٠وە لە ڤییەنا بەدەست بهێنن . هەڵبەتە ئەمەش بە پشتگیری تەواوی ماددی و مەعنەوی دەزگا کلتورییەکانی دەوڵەتی نەمسا کەمیتۆدەکانی لابۆری شانۆی لالش بۆتە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانیان . جگە لەمەش تائێستا هەموو بەشدارییەکانی لابۆری شانۆی لالش لە فێستیڤاڵە نێونەتەوەییەکانی جیهانداو گەشت و پێکگەیشتنە شانۆییەکانی وەکو نوێنەرایەتی ولاتی نەمسا بەئەنجام گەیشتووە و لەلایەن وەزارەتی دەرەکی و باڵیۆزخانەی نەمساوە پشتگیری و هاریکاری کراوە ، بەلام لابۆری شانۆی لالش سەرەڕای ئەمەو لە ئامێزگرتنی گروپە نێونەتەوەییەکەشی ئەوا هەمیشە وەکو لابۆرێك دەناسرێت کە داهێنەرەکانی دوو هونەرمەندی کوردن.
بەرنامەی کاری لابۆری شانۆی لالش پشت نابەستێ بە سیستەمی کارکردنی ( وەرزیانەی شانۆ )وە ، واتا ئامادەکردنی پرۆژەیەکی شانۆیی و پێشکەشکردنی لەماوەیەکی کورتی دەستنیشاوکراودا ، بەڵکو وەکو پرۆگرامێکی لابۆرییانە ئەزمونەکانی لەسەر سیستەمێکی توێژینەوەیی درێژخایەن کە لەساڵێك زیاتر دەخایەنێت و پاشان دەرکەوتە پراکتیکیەکانی لەولاتی نەمسا و لە زانکۆو ڤێستیفاڵە شانۆییە نێونەتەوەییەکانی جیهانیدا پێشکەش دەکات . لەماوەی ئەم کارکردنەشدا بەپێی بەرنامەیەکی هونەریی نەخشە بۆ کێشراو و تێر و پڕ هەموو مانگێ چەند جارێك گروپی شانۆیی جیاواز و پسپۆران و بیریارو ڕەخنەگرانی شانۆ و قوتابیانی زانکۆو کەسانی تر لە بوارە جیاجیاکانی تردا میوانداری دەکرێن لەلابۆری شانۆی لالشدا بۆ بینین و توێژینەوەی ئەم شێوە ئەزمونکارییە.

میتۆدەکانی لابۆری شانۆی لالش لەساڵی ٢٠٠١وە بووەتە بابەتێکی خوێندن لە زانکۆی ڤییەنا — بەشی شانۆ ، لەژێر میتۆدی ( ئەزمونکاری لەشانۆدا ) لەلایەن پرۆفیسۆر کلێمنس شتێپینا وە بەڕێوە دەچێت ، بۆ ئەم مەبەستەش سالانە لابۆری شانۆی لالش وەرشەیەکی تایبەتی شانبەشانی توێژینەوە تیۆرییەکان لەسەر ئاستی دەنگ و جەستە بۆ قوتابیانی زانکۆی ڤییەنا ئەنجام دەدات .

شەماڵ عومەر دوو کتێبی گرنگی لەژێر ناونیشانی ( شانۆیەك لە خۆڵەمێش و دەنگ ) و ( ئاوها ئاهەنگساز دەدوێت ) دەربارەی میتۆدە ئەزمونکارییەکانی لابۆری شانۆی لالش نوسیوە ، هەروەها نیگار حەسیب قەرەداغیش بەشێکی گرنگی بابەتی بڕوانامەی ماجستێرەکەی لەزانکۆی ڤییەنا ( جەستەی ئامادە لە پانتایی و زەمەندا — دیدەیەکی نا ئەوروپیانە بۆ کاری پێرفۆرمانس ) و هەروەها بەشێکی گرنگی دکتۆراکەی لەهەمان زانکۆدا ( کاری پێرفۆرمانسی ڕیتواڵی ) کە لەسەر ئەزمونەکانی لابۆری لالشە ، لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٦تا کۆتایی ٢٠٠٧بەزمانی ئەڵمانی بەچاپدەگەن .

لەساڵی ١٩٩٩وە لابۆری شانۆی لالش توانیویەتی چەندەها ئاڵوگۆری میتۆدی لەگەڵ لابۆر و سەنتەرە جیهانییەکاندا بە ئەنجام بدات ، ئەم لابۆر و سەنتەرانەش خاوەنی میتۆدی کارکردنی خۆیانن و لەسەر ئاستی شانۆی جیهانی ناسراوون . لەوانەش : ( پاراتا لابۆرا ) ی ڤاڵتەپفاف لە فەرەنساو سویسرا ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠١. ئاڵوگۆری میتۆدی لەگەڵ ڕابەرو داهێنەری ( بۆتۆ دانس ) ( کازوۆ ئونۆ ) لە ستۆدیۆکەیدا لە یۆکۆهاما ساڵی ٢٠٠٢ لەیابان . هەروەها سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ڕیچارد ) ی ئیتاڵیا ساڵی ٢٠٠٣ لە ڤییەنا و ساڵی ٢٠٠٤لە نۆڤیسادی نزیك شاری بەلگراد . بەختیارخان زادە و قوتابیەکانی ( شانۆی نەتەوەیی ئازربایجان )٢٠٠٣. ( شانۆی نۆ ) ی یابانی — لەبواری تەکنیکی دەنگدا — تۆکیۆ ٢٠٠٤. هەروەها ( لابۆری گرۆتۆڤسکی ٢ ) لە پۆلۆنیا — ڤراسلاڤ ٢٠٠٥. دوا ئاڵوگۆڕی میتۆدیش لەتەك ئۆدین تیاتەری ( یۆجینۆ باربا٣ )دا لە

لابۆری گرۆتۆڤسکی لە پۆلۆنیا ساڵی ٢٠٠٥لەچوارچێوەی چواردەهەمین پێکگەیشتنی نێونەتەوەیی قوتابخانەی شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی بەئەنجام گەیشت .
میتۆدە داهێنەرانەکەی نیگارو شەماڵ ( دەنگ وەکو سەرچاوە ) لەلایەن بیریارانی شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژی و پسپۆران و پراکتیکارانی نێونەتەوەییەوە بەیەکێك لە دەرکەوتە ئەلتەرناتیفەکان ئاماژەپێدراوە ، کەهەوڵی داوە ڕەگەزە گرنگەکانی شانۆ وەکو ( دەرهێنەر ، ئەکتەر ، نمایشی شانۆیی ) هەڵوەشێنێتەوە و وەکو دیدە و ئاستی پراکتیکیش نەك گەمەیەکی لینگویستیکی ، چەمکەکانی وەکو ( چاودێری هاوبەش ، ئاهەنگساز ، پێکگەیشتنی پێرفۆرماتیڤی ) لەجێگایان پراکتیزە بکات .
هەر ئەم ئاماژەیەشە وای کردووە کە لابۆری شانۆی لالش لە ئێستاوە تا کۆتایی ٢٠٠٧لەلایەن چەندەها زانکۆ و فێستیڤاڵی شانۆیی نێو نەتەوەیی لە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ئەنجامگەیاندنی سیمینار و وەرشەی پراکتیکی و هەروەها پێشکەشکردنی ئەزمونەکانیان میوانداری بکرێن ، وەك چۆن لەسالانی پێشوشدا ئەم لابۆرە بەهەمان شێوە گەشت و ئەزمونەکانی بە ئەنجام گەیاندووە .
هەروەها لابۆری شانۆی لالش سالانە شانبەشانی توێژینەوە پراکتیکییە ئەزمونکارییەکانی ئەوا لە ساڵی ١٩٩٩وە بەبەردەوام ( دیالۆگی ئینتەرکلتورالیزمی لالش ) سازدەکات ، کەتیایدا سالانە بیرۆکەیەك دەخاتە ڕوو و بیریارانی بواری زانستی شانۆو کلتور و ئەنترۆپۆلۆژی و پراکتیکارانی شانۆ بەئامادەبوونی بینەرێکی زۆری نێونەتەوەیی بەشداری دەکەن . ئەم دیالۆکانەش بەسەر هەموو ساڵەکەدا دابەشدەکرێت و لەشێوەی دیالۆگ و سیمینارو کۆنفرانسدا بەئەنجام دەگەن . لەساتی ئەم دیالۆکانەشدا میتۆدی پراکتیکی و دۆکۆمێنت نمایش دەکرێت .بیرۆکەی دیالۆگی ئینتەرکلتورالیزمی لالش ٢٠٠٦ کە لە مانگی سێ وە دەست پێدەکات بریتیە لە ( دەنگ لە ڕیتوال و پێرفۆرمانسدا )، کە تیایدا چەند پرۆ فێسۆر و بیریاری شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژی زانکۆی ڤیەنا و وولاتانی هیندستان و یاپان و چەندەها هونەرمەندی شانۆیی بەشداری دەکەن. لە تەک ئەم زنجیرە دیالۆکانەشدا ئەوا کۆنفرانسێکی تایبەتیش لە ژێر ناوی ( دەسەلاتی دەنگ – دەنگی دەسەلات لە ژیانی ڕۆژانە و هونەردا ) بە پێی میتۆدی توێژینەوەیی کلتورپۆلۆتیک ساز دەکرێت.
تازەترین هەواڵەکانی لابۆری شانۆی لالش:
ئێستا لابۆری شانۆی لالش بەگەرمی سەرقاڵی ئەزمونێکی نوێیە بەناوی (بێ سێبەر ) کە پرۆژەی توێژینەوەی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ پێک دەهێنێت، کە نومایشتی وێستگە ئەزمونکاریەکانی لە نەمسا و هەروەها لە پێکگەیشتنە شانۆییە نێونەتەوەییەکانی ژاپۆن و ئەڵمانیا و پۆلۆنیا و وولاتانی عەرەبیدا بە ئەنجام دەگەیەنێت .
نیگار و شەماڵ لەم ئەزموونەدا سەرقاڵی قووڵکردنەوە و پەرەپێدانی پرۆسەی ( دەنگ وەکو سەرچاوە )ن ، بۆ گەڕان لەدووی ڕێگەیەکی نوێ و فراوان تری ( کۆمۆنیکاسیۆنی شانۆیی ) و کە تیایدا لەو هەوڵەدان کە پردێکی دەنگی بۆ پێکگەیشتن بە کەلتورەکان بخوڵقێنن ، جێی ئاماژەپێدانە لەم گەڕانە ئەزمونکارییەدا هەوڵی ئەوە دەدەن زمانێك پێکبهێنن کە لەدەرەوەی لۆژیکی زمانی ناسراودایە . بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی دەدرێت یەکەی دەنگی لە کلتورە جیاوازەکانەوە وەربگیرێت و زمانێکی نوێی هونەری لێبخوڵقێنرێت.
واتا چ لەسەر ئاستی دەقە دەنگی و گۆرانی ئامێزەکان و چ لەسەر ئاستی دەقە گوتراوەکاندا بەپێی سیستەمێکی ڕیتمی هونەریی ، ئەوا بینەر یا وەرگر گوێی لە وشەو ڕستەی تەواوە، بەلام لە سیستمی نیشانەیی لینگویستیکیدا مانایەکی ناسراوت وەکو مەدلول پێ نابەخشێ . لەم بارەیەوە نیگار حەسیب قەرەداغی دەڵێت " ئایا چۆن دەتوانین زمانێك بخوڵقێنین کە پرۆسەیەکی کۆمۆنیکاسیۆنی تەواو لەنێوان کلتورەکاندا بەئەنجام بگەیەنێت ؟ لەساتێکدا من بەهیچ شێوەیەك ڕۆڵێك یان فیگۆرێك لەمانا شانۆییەکەیدا نمایش ناکەم و حیکایەت ناگێڕمەوە. جگەلەمەش ئەم پرۆسەیە لەدەرەوەی (کردەی دراماتۆرگی ) بە مانا ناسراوەکەی بەئەنجام دەگات ."
دەرکەوتە بەراییەکانی ئەم ئەزموونە نوێیەی نیگار و شەماڵ لە ٢٠٠٢وەوە تا ٢٠٠٥ وەکو لابۆری شانۆی لالش لە نەمسا و ژاپۆن و پۆلۆنیا و میسر و تونس پراکتیزە کراوەو بۆتە جێگەی مشتومڕو سەرسوڕمانی تەواوی ئامادەبووان.
شایانی باسە لەم ئەزموونانەشدا ئەندامانی لابۆری شانۆی لالش (گابرییلا پلۆنەر و سان سان یاپ و ئالیس مۆریچ) بەشدار بوون٤.

**هەروەها شەماڵ عومەر ئێستا سەرقاڵی میتۆدێکی داهێنەرانەی خۆیەتی لەژێرناوی ( ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگ ) لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی کە بە پشتگیری زانکۆی ڤییەنا گەشتێکی توێژینەوەیی بەزۆر وولاتی جیهانیدا دەکات ، شایەنی باسە هێڵە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن شەماڵ عومەرەوە بۆ یەکەمجار لەمانگی چواری ٢٠٠٥دا لە ( چواردەهەمین پێکگەیشتنی نێونەتەوەیی قوتابخانەی شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی ) لە لابۆرە ناسراوەکەی گرۆتۆڤسکی دا لە پۆڵۆنیا ، بەسەرپەرشتی داهێنەری گەورەی شانۆی هاوچەرخی جیهانی ( یۆجینۆ باربا ) خستەڕوو ، کەبووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان.**

بەشداریکردنی لابۆری شانۆی لالش لەفێستیڤاڵی شانۆی نێو

نەتەوەیی ( قاهیرە و قرتاج دا )؛
لەرۆژانی ٣٠/٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥ لابۆری شانۆی لالش بە ئەزمونێکی نوێی ( سەرەتای گفت٥ ) تایبەت بە پرۆژەی تویژینەوەی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ بووە میوانی (خولی حەڤدەهەمینی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی قاهیرە بۆ شانۆی ئەزمونگەری) کە ٤٨ ولات لەسەرتاپای جیهانەوە تییایدا بەشدار بوون (شایانی باسە لالبۆری شانۆی لالش لە ساڵی ٢٠٠٤ یشدا بە ئەزموونی "ولاتێ لە خوڵەمێش و گۆرانی" لە خوڵی شانزەهەمینی ئەم فیستیڤاڵەدا بەشدار بوون ) . بۆ جارێکی تریش ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش بووە جێگەی سەرسوڕمان و پرسیارو گفتوگۆی نێوان ئامادەبووانی فێستیڤاڵەکە و بەئەزمونێکی ئەلتەرناتیفی خاوەن ڕێوشوێنی داهێنەرانەی تایبەت بەخۆی ئاماژەی پێدرا . ئەو هونەرمەند و ڕەخنەگرو بینەرانەشی کەپێشتر بە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش ئاشنا ببوون ئاماژەیان بەوەدا کە ئەم ئەزمونە گرنگەی نیگار و شەماڵ دەرکەوتەیەکی تری گرنگی کاری ئەزمونکارییەو هەمیشە بە پشکنین و گەڕان و پێشکەوتنی نوێوە هەنگاو دەنێت .

سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری گفتوگۆی رۆژنامەیی و تەلەفزیۆنی لەتەك هەردوو هونەرمەندو کارگێڕانی ئەم لابۆرەدا ، ئەوا لە چوارچێوەی فێستیڤاڵەکەشدا کۆنفرانسێکی تایبەتی بە ئامادەبوونی کۆمەڵێ بیریارو هونەرمەند و ڕەخنەگری شانۆی عەرەبی لەسەر لابۆری شانۆی لالش بەڕێوە چوو ، یەکێك لەوانەش ئەکتەری ناسراوی سینەماو تەلەفزیۆن و شانۆی میسری و عەرەبی ( د.خلیل مرسی ) بوو ،جگە لەمەش هونەرمەندی ناسراوی عێراقی ، عەمیدی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە بەغدا (د. عقیل المهدی ) دەقێکی سەرنج راکێشی لەژێر ناونیشانی ( یادەوەری دەنگ ) لەسەر ئەم ئەزمونەی لابۆری شانۆی لالش نوسی و هەروەها لە ڕێپۆرتاژێکی تایبەتیشدا دەربارەی فێستیڤاڵەکە دیسانەوە ئاماژەی بە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش بەوەدا کە ( ئەزمونێکی داهێنەرانەو تایبەتە لە شانۆی جیهانیدا و جورئەتێکی تەواوی ئەزمونکارانەی شانۆیە ) . هەروەها هونەرمەندی ناسراوی میسری و عەرەبی ( د. ابراهیم الفو ) دەقێکی گرنگی لەژێر ناوی (داڕشتنەوەی سەرلەنوێی جیهان لە بواری دەنگەوە ) نوسی کە تیایدا ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنەرانەی بەم ئەزمونەی شانۆی لالش داوە لە چۆنێتی بەکارخستی دەنگدا کە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی تۆنە جیاوازەکانی ڕەنگ لە لای وەرگر .

جگە لەمەش لابۆری شانۆی لالش لەلایەن ئەکادیمیای هونەری قاهیرە بە بەڕێوەبەرایەتی دکتۆر أحمد السخسوخ و مۆزەخانەی مۆدێرنی میسرەوە بە بەڕێوەبەرایەتی هونەرمەندی ناسراوی عەرەبی و جیهانی أحمد فۆاد سلیم میوانداری کرا بۆ بەئەنجام گەیاندنی دوو وەرشەی جەستەیی و دەنگی بۆ قوتابیانی (پەیمانگەی بالای هونەری شانۆ ) و هەروەها کۆمەڵێ لاوی شانۆیی چەند ولاتێکی عەرەبی تر . دەرەنجامی ئەم سەرکەوتنانەش ئەوە بوو لابۆر لەلایەن کۆمەڵێ فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی ترەوە بانگهێشت کرا .

لە ڕۆژانی ٢٤ی نۆڤەمبەر بۆ ٣٠ی دیسەمبەری ٢٠٠٥ لابۆری شانۆی لالش بەهەمان پرۆژەو لە وێستگەیەکی تری نوێی ئەزمونکاریدا بووە میوانی (دوانزەهەمین فێستیڤاڵی شانۆیی نێونەتەوەیی قرتاج ) لەتونس . کەتیایدا لەسەرجەمی دووسەد بەرهەمی شانۆیی تەنها چل و هەشت بەرهەم لە پانزە ولاتی جیهانیەوە میوانداری کرابوون . ئەم وێستگەیەش سەرکەوتنێکی گەورەی تری بۆ لابۆری شانۆی لالش تۆمارکرد و کۆمەڵێ ڕەخنەگرو رۆژنامەنوسی ناسراوی عەرەبی بەزمانی فەرەنسی و عەرەبی چاوپێکەوتن و ووتاری جۆراوجۆریان لە بلاوکراوە رۆژانەیی فێستیڤاڵەکە و لە گۆڤارو ڕۆژنامە عەرەبیەکاندا بە ئەنجام گەیاندووە . ئەم ئەزمونەی لابۆری شانۆی لالش وەکو کاتیگۆریی فێستیڤاڵەکە بە ئەزموونی ( پردی پاشەڕۆژ ) ئاماژەی پێدرا ، هەروەها **شانۆکار ( د. صلاح القصب ) لە ئاماژەیەکی تایبەتیدا ئەم ئەزمونەی بەوە ناساند کەتابلۆی ئەزمونێکی نوێیە لە بواری خستنەکاری دەنگەوە .** جگەلەمەش هونەرمەندانی ناسراوی تونسی وەکو منصیف السویسی و مونجی بن ابراهیم و محمد المدیونی و توفیق الجبالی و هونەرمەندانی تری عەرەبی سەرسوڕمانی تەواوی خۆیان لە چاوپێکەوتنە تەلەفیزیۆنیەکاندا کە تۆمار کراون دەربڕی.

پەراوێزەکان :

١- لابۆری شانۆی لالش لەگەڵ لابۆری (پاراتا لابۆر ) ی فەرەنسیدا و بەسەرپەرشتی هونەرمەندی ناسراوی جیهان (ڤاڵتەپفاف ) لەساڵی ١٩٩٩لەسەرشاخی گۆتهاردۆ کەیەکێکە لە بلندترین زنجیرە شاخەکانی ئالپ لە سویسرا ئەزمونێکی هاوبەشیان بەرجەستەکرد ،لەم پرۆژەیەدا کەماوەی زیاتر لە ساڵێکی خایاند هونەرمەندی کورد و فەرەنسی و سویسری و ئەڵمانی و ئیتالی و نەمساوی و یۆنانی پێکەوە ئەم پرۆژە ئەزمونکارییەیان لەژێرناوی ( ئەنتیگۆنا ٢٠٠٠)دا بەئەنجام گەیاند .

٢- لەم سالانەی دوایدا لابۆری شانۆی لالش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ سەنتەری کارکردنی جێرسی گرۆتۆڤسکی و تۆماس ریچارد دا ( پۆنتادێرا – ئیتالیا ) گرێداوە و چەندەها ئاڵوگۆڕی میتۆدییان پێکەوە بەئەنجام گەیاندووە . هەروەها لە کۆتایی مانگی یەکی ٢٠٠٥ لابۆری شانۆی لالش بووە میوانی لابۆرە دێرینەکەی گرۆتۆڤسکی لەشاری (ڤراسلاڤ) ی پۆلۆنیا ، کەشەماڵ عومەر سیمینارێکی دەربارەی ڕیتواڵ



و پێرفۆرماتیف پێشکەشکرد وهەروەها لەگەڵ نیگار حەسیب و گابریێللا پلۆنەدا بەسێ قۆڵی دەرئەنجامە پراکتیکیەکانی نێوان سالانی ٢٠٠٢-٢٠٠٥ بەئامادەبوونی هونەرمەندان و بینەران و رەخنەگرانێکی زۆری پۆلۆنیا نمایشکرد.

٣- یۆجینۆ باربا یەکێکە لە قوتابی‌یە گرنگەکانی گرۆتۆڤسکی و لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەوە هەوڵی بۆ رێچکەیەکی تایبەتی لە شانۆدا داوە، وەکو هونەرمەندێکی ئیتالیش لە دانیمارك داهێنەری شانۆ بەناوبانگەکەی ( شانۆی ئۆدین ) ە و لە هەشتاکانیشەوە خاوەنی تێزە ئەلتەرناتیڤەکەی شانۆی هاوچەرخە لەژێرناوی میتۆدی ( شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی ) کە تائێستاش جێگەی سەرنج و گفتوگۆی پراکتیکاران و بیریارانی شانۆی هاوچەرخە لەسەر ئاستی جیهان .

٤ - لابۆری شانۆی لالش لە هاوینی ساڵی پارەوە سەرەڕای هەبوونی ئەندامانی هەمیشەیی خۆی، ئەوا سەرقاڵی ڕاهێنان و پەروەردەکرنی کۆمەڵێک لاوی شانۆکاری نەمساوی وئەڵمانیە لە پێناوی ئامادەکردنیان وەکو کارگێڕانی داهاتویان.

٥- " سەرەتای گفت" پرۆژەی توێژینەوەی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ ئەو پرۆسێسە هونەرییەیە کەوەکو کارێکی ئەزمونکاری و گەڕانی بەردەوام تائێستا سێ ئەزموون و نمایشی جیاوازی لێخوڵقاوە . وێستگەی یەکەمی ئەزمونکاری ( سەرەتای گفت ) لە پۆلۆنیا و دووەمیان لە میسر و سێهەمیان لە تونس و جگە لەمەش لە نەمسا بە ئەنجام گەیشت ، کەتیایاندا بینەرێکی زۆری نێونەتەوەیی بەم ئەزمونە شاد بوون .شایانی باسە ئێستا لابۆری شانۆی لالش لە هەمان کاتدا شانبەشانی ئەزموونی "بێ سێبەر" سەرقاڵی قووڵکردنەوەو توێژینەوەیەکی تری پراکتیکیانەی ماتیریالەکانی پرۆژەی "سەرەتای گفت"ە بۆ خۆڵقاندنی چوارەهەمین ویستگەی ئەزموونکاریانە.

# لابۆری شانۆی لالش
# تێڕوانینێکی دەنگی بۆ جیهان




**نوسین و ئامادەکردنی**
**هاوڕێ مەحمود**

**پێشەکیەکی گشتی:** پرۆسەی
شانۆی ئەزمونگەری کوردی بێئاگایانە لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە، بە کۆمەڵێک هەوڵی سەربەخۆ و لەیەکترجودا دەستی پێکرد. ناوبەناو دەردەکەوتن و نەبوونە زنجیرەیەکی لەیەکتر نەترازاوی تیپێک یان دەزگایەکی شانۆیی. واتە نەبووە مەنهەجێکی فیکری کۆمەڵێک هونەرمەند، کەپێکەوە و بۆ یەک مەبەست و بەیەک ئاراستە کار بکەن. بەلام دەکرێت بڵێین ئەو هەولانە بوونە بنچینەیەک بۆ داهێنانێکی نوێ، کە کۆمەڵێک هونەرمەندی لاو کە بریتی بوون لە هونەرمەندان ( دانا رەئوف، شەماڵ عومەر، کەریم عوسمان) تواناکانیان پیادە بکەن و بیر لە گۆڕانکاری لە بوارەکەدا بکەنەوە. بەمەش توانیان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بەپراکتیک و بەباگراوندێکی زانستی و رۆشنبیرییەوە تیپی شانۆی ئەزمونگەری (ئەزمونکاری) کوردی دابمەزرێنن. کە هەنگاو و ڕەوتێکی نوێی شانۆ بوو لە کوردستاندا، کە لە چوارچێوە کلاسیک و باوەکەی دەربیکەن. شانۆ و پایە و پێکهاتەکانی شانۆگەری ئازادانەتر دەربڕی خۆیان بن، بە جۆرێک کە تەنها هونەرێکی ئەبستراکت نەبێت و، دیدوبۆچوونی جیاواز، نوێگەری، کارکردن لەسەر میتۆدی زانستی شانۆیی و باگراوندێکی ڕۆشنبیری جیهانی ببنە بنەمای ئەم هەوڵە نوێیە. شانۆی کوردی لەو چەقبەستوویی و ئەو ئاوێنە کولتورییە سواوەی جارانی دەربکەن و بەرگێکی زانستی و ئەکادیمی بەبەردا بکەن. سەرلەنوێ زیندوکردنەوەیەک لەم بوارەدا بێننە کایەوە، کە ببێتە سەرەتایەکی پتەو بۆ کێبڕکێ و هاتنەناوەوەی چەندین شانۆکاری نوێ و لەهەمانکاتیشدا جولاندن و بەخۆداچونەوەی شانۆکارە دێرینەکان. کارێکیان کرد کە چیتر شانۆ تەنها بریتی نەبێت لە دەقێک و، ریژیسیۆرێک لەسەر کۆمەڵێک ئەکتەر جێبەجێی بکات. توانیان جورئەت و ئازایی بە ریژیسیۆر، ئەکتەر، و تەنانەت بینەریش ببەخشن. بەشێوەیەک سنور و یاساکانی شانۆیان تێکشکاند کە بنەماکانیان لە بەرگە پیروزەکانی داماڵی و مەودایەکی فراوانی دەستکراوەیی و ئاهو ئیسراحەتێکی نەفسییان بە بوارەکە بەخشی. بەمەش شانۆی کوردیان لە تەلبەند و قەفەزی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و گرێ کولتورییەکان دەرباز کرد و بووە سەرەتایەکی قۆناغی گەشەکردنی فیکری و گەڕان بەدوای داهێنان و میتۆدی نوێتردا.

داهێنان و میتۆدی نوێ نەک بەو مانایەی کە کارکردن بێت لەسەر دەقی شانۆیی نوێ، بەڵکو جێبەجێکردنی شێوازی دەرهێنانی نوێ بەسەر دەقە تازە و کۆنەکانیشەوە. کە ببنە لابۆرێک بۆ کارکردن لەسەریان. واتە خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقەکان و سەربەستیدانی تەواو بە ریژیسیۆر لە پیادەکردن و جێبەجێکردنی ئەگەر و مەوداکانی بیرکردنەوەی، لە هەمانکاتیشدا دەستکاریکردنی کەسایەتی و وێنە شانۆییەکان

و تەنانەت ئاراستەی دەقەکەش. کە دەکرێت بە یاخیبوون لە یاساکانی بواری شانۆ، زیاتر نزیکبونەوە و لێکتێگەیشتنی نێوان ڕیژیسێۆر، شانۆکار و بینەر ناوی ببەین. یاخود دەکرێت بڵێین قۆناغی خۆدۆزینەوەی خودە چ بۆ ڕیژیسێۆر و چ بۆ شانۆکاران و تەنانەت بۆ بینەریش.

## پێشەکی بیرۆکە:

دەمێک بوو دەمویست لەسەر ئەزمونەکانی هەردوو هونەرمەندی بواری شانۆی ئەزمونگەری کوردی ( شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب قەرەداغی) نوسینێک بنوسم. هەرچەندە زۆر نزیک بووم لێیان و لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە بە تەواوی ناسیمن. لە شانۆگەری ( داستانی چاوەڕوانی ) شدا بەشداریم کردن و ڕۆڵم هەبوو لەگەڵیاندا. جگە لە چەند ئەکتسیۆنێکی تری وەک لیدە، لایدن، ڕاوش لە ساڵی ١٩٩٩ دا و ( ئەنتیگۆنای ٢٠٠٠) لە شاخی سان گۆتهاردی سویسرا. بەلام هەرگیز وەکو ئەمجارە کە سەردانی ڤیەننام کردەوە، هەستم بە بەرپرسیارێتی نەکردووە بەرامبەر بە هونەرەکەیان. ئەمەش لەخۆڕا نیە و کۆمەڵێک فاکتەر زیاتر جولاندمی و سەرەتاش ڕێکەوتێک پراکتیکی بیرۆکەکەی کردم.

لە قاوەخانەیەکی سەر ڕێگای ویستگای ئەو میترۆیەی شەماڵ عومەر ڕۆژانە لە نێوان ماڵ و لابۆرەکەیاندا هاتوچۆی پێدەکات بینیم. هەر ئەوکاتە هەموو ساتەکانی کارکردنم لەگەڵ شەماڵ و نیگاردا بیرکەوتەوە. مرۆڤ کاتێک ئەم دووانە دەدوێنێت، تێناگات ئەمان شانۆ دەکەن یان شانۆ ئەمان دەکات. شانۆ ئەمان یان ئەمان شانۆ بەرەو گۆڕانکاری و داهێنانی نوێ دەبەن. ئەوەندە بە هیواوە باسی ئەزمون و ئەکتسیۆنەکانی خۆیان دەکەن، وا دەزانیت ئێستاش لە سەرەتای لاویاندان و گوڕ و تین و تەوژمی ئەو تەمەنەیە ئەو هەموو توانایەیان پێ دەبەخشێت تاوەکو هەوڵەکانیان زیاتر و چڕتر بکەن. لەو قاوەخانەیەدا دانیشتین و باسەکانمان چووە سەر کارە شانۆییە و چالاکییە نوێیەکانیان. شەماڵ ئەوەندە بە تاموچێژەوە باسی لە ئەزمون و بەشداری ڤیستیڤاڵ و سەفەرە نوێیەکانیان دەکرد، زۆر پرسیاری لەلا گەلالە دەکردم. هەر جارەش لە دەروازەیەکەوە هەلم دەقۆستەوە و بە پرسیارێک ئەوەندەی تر دەمجولاند. بەم شێوەیە سێ کاتژمێر تێپەڕی و ئێمە لە باسە سەرەتاییەکاندا بووین. ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی چەند جارێکی تریش دابنیشین و بە پراکتیکیش کارەکانیان ببینم. ئەمەش بووە سەرەتای ئەو بیرۆکەیەی کە ڕێبکەوین ئەم گفتوگۆیەمان سەرەتا ببێتە وتارێک و پاشانیش لەبەردەوامی پەیوەندی و چاوپێککەوتنەکانماندا ببێتە پرۆژەی کتێبێک. بەمەش کار و چالاکی و کاراکتەرەکانی لابۆری شانۆی لالش لە چوارچێوەی ریکلام و هەواڵ دەربچێت. بەرامبەرییەک بێت، سنوری چاوپێکەوتن و مێزگردیش ببەزێنێت.

## ئەنجامی گفتوگۆ:

### ئەنجامی یەکەم

مەسەلەی مەفهومی ڕاهێنان نەک لە شانۆی کوردیدا نەبووە و بایەخی پێنەدراوە، بەڵکو لە شانۆی عێراقیشدا نەبووە. هەروەها کارکردن یان ڕاهێنان لەسەر دەنگ و جەستە لە گروپە ئەهلیەکانیشدا بایەخی پێنەدراوە وەکو ئەوەی کە تیپی ئەزمونگەری کە کۆمەڵێک شانۆکار بوون پێش هەر پرۆژەیەکی شانۆیی یان لەگەڵ ڕاهێنانی دەقە شانۆییەکەدا بۆ ماوەیەکی درێژ و ڕۆژانە ڕاهێنانی دەنگ و جەستەیان کردووە. چونکە پێشتر شانۆکار تەنها پرۆڤەی دەقی کردووە و یەکسەریش چووەتە سەر شانۆ. واتە ریژیسێۆر دەقێکی هێناوە و تەنها ڕوانینی خۆی بەکارهێناوە لە دەرهێنانیدا و لەسەر کۆمەڵێک ئەکتەر جێبەجێی کردووە. کە ئەمەش دەکرێت ناوی بنێین ( ریژیسێۆری سەرمێزی نوسین). چونکە لە ماڵەوە دادەنیشن و تێڕوانینی دەرهێنانی خۆیان دادەڕێژن.



بەلام لە شانۆی ئەزمونگەریدا بێجگە لە هێڵێکی گشتی، پلانێکی ئامادەی نوسراو نەبووە کە پێشوەخت ئەوە بزانن چی دەکەن و چی ڕوو دەدات یان چەند نمایشکار بۆ نمایشی داهاتویان پێویست دەبێت. ئەمانە هەموی لەمیانەی ڕاهێنان و پرۆڤەکردندا بەدەرکەوتون و دەستنیشانکراون. ئەمەشە خاڵی سەرەکی جیاکردنەوەی پرۆسەی ئەزمونکاری یان لابۆراتۆریۆم لەشێوازە شانۆییەکانی تر. چونکە زۆرجار لە کاتی مەشقەکردن و ڕاهێنانەکاندا حاڵەت دروست دەبێت کە وەکو بەشێکی نمایش یان دیمەنێک پاش چەندبارە کردنەوە جێگیردەکرێت و بەکاردەهێنرێت.

لەبەرئەوەی بواری ئەمان لابۆرییە و ڕێچکەیەکی نوێیە، هەروەها دراماتۆگیان نییە، وەکو کۆمەڵێک مرۆڤ بەشوێن وجوددا دەگەڕێن. هەریەکەشیان بۆ خۆیان ئازادن، ئەگەر تێمایەک یان ئاهاتێکی هاوبەشیشیان هەبێت، ڕەنگە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆی هەبێت. هەریەکەشیان شانۆ وەکو پانتاییەک بەکاردەهێنێت تاوەکو پرۆژە و هەستەکانی تیایدا بەئەنجام بگەیەنێت. کەواتە هەریەکەیان ژیانێک بۆ خۆی دروست دەکات. ئەو هەماهەنگییەی نێوان شانۆکارەکانیان لە ڕێگەی هەست و ئەزمونەوە دروست دەبێت. لە کارەکانیاندا مەرج نییە ئەکتەری پرۆفیشنال و ئامادە بەشداری بکات. بۆ نمونە ئەکتەر هەیە شارەزایە و لە ئۆپێراشدا کاری کردووە، بەلام لەگەڵ ئەماندا کاری بۆ نەکراوە. کەواتە مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە نییە یەکێک دەنگی خۆش بێت، یان سەماکەر بێت، یاخود دەرچوی بواری شانۆ بێت.

- پرسیار: کەواتە ئەو کەسەی لەگەڵ ئێوەدا کاردەکات مەرج نییە پرۆفیشناڵێکی بواری شانۆ بێت، بەڵکو پێویستە باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی وکولتوری هەبێت؟

- شەماڵ/ { بەڵێ زۆر پێویستە. **ئەو کەسەی کە لەگەڵ ئێمەدا کاردەکات گرنگ نییە ئەکتەر بێت یان گۆرانیبێژ یان دەنگی خۆش بێت. گرنگ ئەوەیە کە ئەزمونەکە بۆ ئەو جێگای سەرنجی بێت. واتە بە پەیام (قچیە)ێکەوە بێتە ناوەوە، نەک بۆ ئەوەی تەنها بیەوێت کارێکی هونەری بکات. بەڵکو تاقیکردنەوەکە بۆ ئەو جێگای بایەخ بێت**، شتێکی تیا ببینێت بۆ ژیانی خۆیشی. ئەو کەسانەی کە وا دێنە ناوەوە شتێکیان تیا دروست دەبێت، ماوەیەک ئەجوڵێن و هەست دەکەیت بەکەڵکی پرۆسێسەکە دێن. گرنگە بۆ ئەوان بزانن دەنگ و لەشیان چۆن پێکەوە دەبن و دەیگونجێنن، نەک دەنگی لەشوێنێک بێت و لەشیشی لە شوێنێکی تر بێت. }

- پرسیار: ئەم ڕۆشنبیرییە، ئەم هەماهەنگییە، ئەم دەقە یان بابەتەی شانۆگەرییەکەتان چۆن دروست دەبێت؟

- شەماڵ/ { ئەمە نهێنییەکەی کاری ئێمەیە. ڕۆژێک هاتین کارمان لە بابەتێکی تردا دەکرد، حاڵەتێک دروست بوو، کە من نازانم بڵێم ئەو حاڵەتە چۆن دروست دەبێت. بۆ نمونە ئەمرۆ لە کاتی ئیشکردندا نیگار شتێکی تازەی لەلا دروست بوو. داوای کرد بۆ ماوەیەک بەجێیبهێڵین، بەجێمانهێشت و دوای ماوەیەک گوێم لە شتێکی تازە بوو. بەحوکمی خیبرەشمان ئاسانتر ئەم کارانە دێنەبەر. ئێمە نایەین وەک کرۆتۆفسکی سەنتەر بۆ نمونە گۆرانیەکی ئەفریقی یان لایەکی تر دەهێنن و کاری لەسەر دەکەن. یان تێمەیەکیان هەبوو کە دەقێکی کۆنی چینی یە، ئافرەتێک خەریکە دەمرێت، لە سەرەمەرگدا و لە دواهەناسەیدا بیر لە ڕابوردوی ژیانی خۆی دەکاتەوە، ئیتر ئەمە بەسە بۆ ئەکتەر و بۆ شانۆ، دەکرێت ئیتر کوڕ، عاشقی یان مێردی یان هاوڕێی بۆ دروست ببێت و بێنە ناو مەسەلەکەوە. یان ئەو گۆرانیانە دێنن کە هی بۆنەکانن. بۆ نمونە سروتێکی سەرەمەرگ کە وەکو یاسین خوێندنی لای خۆمانە دەهێنن کاری لەسەر دەکەن. ئەمە لەلای ئێمە نییە کە گۆرانی و سروتی بۆنەکان بهێنین، لەوانەیە سود لەو شتانە ببینین، یان بگەڕێینەوە بۆ ئەصالەتی خودی خۆمان. ئەمەیە کاری ئینتەرکولتورێل. بۆ نمونە ئەگەر گوێ لەو بەشەی نیگار بگریت، نە سیاچەمانەیە، نە مەقامە، نە گۆرانییە بەلام کە گوێی لێدەگریت هەست بە هەموو شتێک دەکەیت تیایدا، چونکە تۆ وەکو کوردێک ئەم شتانەت تێدایە. }

لەم ڕەوتی ئەزمونگەرییەی ئەم ئەزمونکارانەدا مەنهەجێک نەبووە کە پرۆڤەی دەنگ و جەستەی لەسەر بکەن، بەلام سودیان لە زۆر شت و هەروەها ئەزمونی خۆیان بینیوە. بینین و بیستنەکانیان بونەتە مەنهەج و کارەکانیان پێ بەرێ کردووە. بۆ نمونە پشتیان بە هەندێک کرداری مەشقی گشتی کرۆتۆفسکی لە ڕاهێنانەکانی لەشیاندا بەستووە. بەلام پێویستە ئەو ڕاستییەش بڵێین کە ئەم نەوەیەی شەماڵ و هاوڕێکانی لە جیلەکانی تری دەرچوی ئەکادیمیای بەغدا جیاوازتر بووە. هەرچەندە بۆ جیلەکانی پێش ئەمانیش مامۆستا و پرۆفیسۆری باش هەبووە، بەلام بە ڕۆشنبیرییەکی کلاسیکییەوە. بەلام ئەوکاتەی چونی ئەمان بۆ ئەکادیمیا سەرچاوەیەکی زۆرتریان لەسەر شانۆی ئەوروپی لە بەردەستدا هەبووە کە لە زمانە سەرەکییەکانەوە وەرگێردراون. بەلام سەرچاوەی زانیاری نەوەکانی پێشتر کاتێک کەلە ئەکادیمیای بەغدا بوون بۆ نمونە چەند وتارێکی کەم بووە کە لە گۆڤاری اقلامی عێراقیدا لەسەر شانۆی جیهانی نوسراوە. واتە سەرچاوەیان زۆر کەم بووە. لەسەردەمی ئەم کۆمەڵە گەنجەدا عونی کرومی لە ئالمانیا و صلاح قصب لە ڕۆمانیاوە گەڕاونەتەوە. شەماڵ عومەر دەڵێت: (( من لە ماڵی صلاح قصب هەرچی پرۆڤەکانی پیتەر بروکە

به ڤیدیۆ بینیومە. یان پێشتر ئەگەر کەسێک بە کتێب ئاگای لە برێخت بوو بێت، بەڵام عونی کرومی خۆی لە حەفتاکاندا لە ئالمانیای خۆرهەلات ١٠ساڵ لە شانۆکەی برێختدا بە پراکتیک کاری کردووە. هەروەها زۆر سودمان لە بەغدا بینی، هەرچەندە ئەوکاتە خەڵک پێیان دەوتین نەقڵی شتەکانی بەغدا دەکەین، بەڵام وانەبووە. چونکە ئێمە مامۆستاکانی خۆمان دەهێنایە سلێمانی تا کارەکانمان ببینن. من ئیشی گۆدۆم لە بەغدا کرد و سەدایەکی باشی دایەوە. کە لە باشترین شانۆی بەغدا پێشکەشمان کرد کە فرقە مسرح الشعبی بوو. کە هی عونی کرومی، سامی عبدالحمید، خلیل شوقی و ئەو ناوە گەورانەی شانۆی عێراقی بووە)).

پێشتر تەنها بە بۆنەی نەورۆزەوە شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر لە ١٩٧٤ دا براوەتە بەغدا. بەڵام ئەمان توانیویانە شانۆی کوردی ببەنە ڤیستیڤاڵە عێراقی و عەرەبییەکانیشەوە. بۆ نمونە چاوەڕوانی سیامەندیان بردۆتە منتدی مسرح التجريبي لە بەغدا لە مهرجانی شانۆی عێراقیدا. کە گەورەترین دەنگدانەوەی هەبووە. لێرەشەوە توانیویانە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ رۆشنبیرانی عەرەبدا دروست بکەن، کە بەشێکی ئەو پەیوەندییە دێرینەیە وای کردووە لالش ئەمرۆکەش لە زۆر ڤیستیڤاڵی عەرەبیدا لە ولاتانی وەکو میسر، تونس و ئوردندا جێگای بایەخ بێت و بانگهێشت بکرێت.

شانبەشانی کارە شانۆییەکانیان، کۆڕ و سیمیناریشیان رێکخستووە و خۆیان هەوڵیانداوە پەیوەندی لەگەڵ تیپە شانۆییەکانی تردا بکەن و دەرگایەک لەسەر گفتوگۆی زانستی و بیروراگۆڕینەوە بکەنەوە. بەمەش کۆمۆنیکەیشنێکی باشیان لەگەڵ خەڵک و تیپەکاندا دروستکردووە. هەروەها هەوڵەکانیان جگە لە سلێمانی بردۆتە هەولێر و کەرکوک و وەکو کۆمەڵێک گەنجی کارامە لە بوارەکەدا هەڵسوراون و ویستویانە کاریگەری دابنێن.

خاڵێکی زۆر گرنگی تر، ئەوەیە **شانۆی ئەزمونگەری کوردی توانیویەتی لەسەر ئاستی زمان کۆمەڵێک وشە و چەمکی نوێ بێنێتە ناو زمانی کوردییەوە. هەرچەندە بێئاگایانە ئەم شتانەیان کردووە، بەڵام بێگومان هەمو هۆشمەندییەکی نوێ پێویستی بە زمانێکی نوێ دەبێت.** بۆ نمونە یەکێک لە چەمکە نوێیەکانی



لالش وشەی (ئاهەنگساز)ە کە لەجیاتی ئەکتەر یان نمایشکار بەکاریدەهێنن.

## ئەنجامی دووەم

هەروەها ئەنجامی دانیشتن و گفتوگۆکەمان سەردانێکی بۆ لابۆرەکەیان لێکەوتەوە. بە پێی ڕێکەوتنمان ئێوارەیەک گەیشتمە بەردەم لالش. لەبەردەم ئەو ریزە باڵەخانەیەدا کە لەسەر شەقامێکی گشتی گەرەکی هەژدەی ڤیەننادا بە ریزێک تابلۆ ڕازێنرابووەوە، تابلۆیەک لە بەرزی لێی نوسرابوو (( Lalish Theaterlabor- لابۆری شانۆی لالش )). لەچوونەژورەوەدا و هەر لە ڕاڕەوەکەدا هەست دەکەیت ئەتمۆسفیرێکی تایبەت ڕاتدەکێشێتە ناو خۆی، کە چەندین مۆم و کۆمەڵێکی زۆر وێنەی فۆتۆگراف کە ئەرشیفی چالاکییەکانی لالشە سەرنجت ڕادەکێشێت. لە دەستەڕاست و دوای برینی ڕاڕەوێکی تر چێشتخانە و بیرۆیەکی خنجیلانەیە. لە دەستەچەپیش ساڵۆنێکە بۆ پشو و حەوانەوە کە بە کتێبخانەیەک و چەندین تابلۆ و ریکلامی چالاکییەکان ڕازێنراوەتەوە. لەگەڵ چونەژورەوەشدا بۆ ناو هۆڵی سەرەکی شانۆکە، هەست بە بۆن و بەرامەی کولتورێکی تێکەڵاو دەکەیت. کەشێکی زۆر جیاوازتر لە شانۆکانی ترت بۆ دروست دەبێت. مرۆڤ دەرک بەوە دەکات کە ئەم هۆڵە معمارییەکی تایبەتی تێدا جێبەجێکراوە، کە کارێکی نوێیە لە ئەوروپاشدا. بەشێوازێکی بازنەیی کراوە چەندین کورسی سادەی بێ پشت دانرابوون، ئەمەش وای کرد بوو ناوەڕاستەکەیان بە بێ هیچ تەختەیەکی شانۆ یان دیکۆرێک ببێتە جێگای نمایشکردن، کە کۆمەڵێک ماتریالی وەکو مێزێک، پارچەیەک قوماش، قاپێکی پڕ لە ئاو و ... هتد گرتبووەخۆ کە دیار بوو بۆ دوانمایشیان بەکاریان دەهێنا. گروپی لالش وەکو سەدا و دەنگدانەوە بەشوێن هۆڵدا ناگەڕێن. چونکە زۆربەی ئەوانەی لەشانۆدا بەدەنگەوە خەریکن ئەو هۆڵانە هەڵدەبژێرن کە سەدا و ئێفێکتی زۆرە. بۆ ئەوەی وەکو ماسک یان ئێفێکت بۆ دەنگیان بەکاری بهێنن. کە ئەمەش دەکرێت بە پرینسیپی حەمام ناوی ببەین. بەلام هۆڵەکەی ئەمان کە بۆ نمایشەکانیان بەکاریدەهێنن دەکرێت بە (هۆڵی وشک) ناوی ببەین. لەبەرئەوەی ئەو تۆنەی لێرەدا پێیدەگەیت تۆنێکی پاکە و هیچ ماسکێکی نییە. بۆ نمونە ئەو سەدایەی نیگار یان هەر نمایشکارێکی تری لالش دروستی دەکات ئێفێکتی هۆڵ نییە، بەڵکو دەنگی خۆیانە. بەلام رەنگە بینەرواتێبگات ئێفێکت و سەدایە. ئەمەش جۆرێکە لە بانگکردن و هەروەها ئەنجامی خیبرە و ئەو مەشق و ڕاهێنانە زۆرەیە کە رۆژانە دەیکەن. کە کاری پرۆڤە و ڕاهێنانیشیان تەواو دەبێت و نمایشەکەیان بۆ پێشکەشکردن ئامادە دەبێت، وەکو لایەنی مونتاج هەندێک تایتلی بۆ دادەنێن. بۆ نمونە ئەم بەشە بانگکردنە ئەوی تر تێپەڕاندنە و..هتد... مەسەلەی مونتاجیش شتێکی زۆر شاراوە و نهێنییە. ئەو مونتاجکردنەش لەسەر حسابی دیمەن نییە کە دوای حیکایەتێک بکەوێت، هەروەها لەسەر ئەو بنچینە مۆدێرنەش نییە کە پێیدەوترێت فلاش باگ وەکو ئەوەی رووداوەکە دێت و دەڕوات و مونتاجی سینەمایی بکرێت. بەڵکو شتێکی ترە، کە ئیعتیماد دەکەنە سەر (وزە). بۆ نمونە ئاهاتێک یان ئاهەنگێک وەکو تۆنێک بەسە بۆ دروستکردنی کۆرۆگرافی لەشی نمایشکارێکیان لە حاڵەتێک یان دیمەنێکدا، کە لەو ساتەدا بۆ مەسەلەی وزەو هەناسەدانی خۆی پێویستی بەم شتانە دەبێت. یان پێویستی بە کۆمۆنیکەیشن دەبێت. ئەکتەر لەشانۆدا کاتێک بینەر دەبینێت هەوڵ دەدات نواندن بکات ، بەلام نمایشکارانی لالش کەویستیان لەگەڵ بینەرێکدا کۆنتاکت بکەن وەکو مرۆڤێکی پێگەیشتو و تەواو هەستی پێدەکەن. چونکە وادیارە لەو دیمەنەدا پێویستیان پێی دەبێت. کەواتە لە ڕێکخستنی هۆڵەکەشیاندا ئەوەی دانیشتووە هێز و وزەیە بۆ ئەوان. ئەو ئاوازانەی دەیچرن پاڵنەرێکە بۆ دروستکردنی جوڵەی لەشیان. کەواتە دەنگ دەبێتە سەرچاوە، کە سەرچاوەیە بۆ جوڵە، سەرچاوەیە بۆ دروستکردنی رووداو، تەنانەت سەرچاوەیە بۆ کرداری کۆرۆگرافی،سەرچاوەیە بۆ ئەگەر و لێکدانەوەکانی یادوەری جەماوەر. سەرچاوەیە بۆ هەموو شتەکان. جیاوازیەکە لەوەدایە گۆرانی و ئاواز یان گۆرانی و تەکنیکی دەنگ لەپێناو قوڵکردنەوەی کرداری یان رووداوی دراماییدا نییە. بۆ نمونە لە شانۆی موزیکی یان ئۆپێرادا گۆرانی وتن یان دەنگ دەرکردنیان لەپێناو سەرسورمانکردنی جەماوەردایە، چونکە پێویستیان پێیەتی. یان بۆخوڵقاندنی حاڵەتێکی نادیار و شاراوەیە لەلای بینەر. یان بەکارهێنانێتی وەکو باکگراوند، یاخود بۆ دروستکردنی ئەتمۆسفیرە. بەلام لەلای لالش دەنگ خۆی رووداوە، خۆی وێنەیە.

- پرسیار: ئایا دەکرێت ئەم دەنگانە بەبێ جوڵە جێبەجێ بکرێن؟

- شەماڵ/ { ئەوکاتە دەبێتە گۆرانی. ئێمە ئەم دەنگانە ناوی ئەنێین مارێکی نوستو! کاتێک دەجوڵێت، دەمانجوڵێنێت. کەواتە ئەگەر بەدەربڕینێکی ڕۆژهەلاتیانە بڵێین ئەو تۆنە مارێکی نوستووە لە ئێمەدا، کە جولا دەمانجوڵێنێت. کە دەمی کردەوە خۆشی و ئازار دێتە دەرەوە. کە چاوی تروکاند ئاڕاستەکانمان نیشان دەدات. ئەمە وەکو ئەوە نییە لە مەسەلەی دەرهێناندا کە بارێکی وا دروست دەکەین، لەبەرئەوەی جوڵەیەکی ماسولکەیی تێدایە. }

- پرسیار: جوڵە لەلای ئێوە هیچ مانایەکی هەیە؟



- شەماڵ/ { ئەوەیە کە گۆرانی جوڵە دروست دەکات، بەلام مانایەکی لێکسیکۆنیمان نییە. بۆ نمونە بڵێیت ئەمە هاوارە. من زۆر لە خۆم ناکەم و ئیشی ئێمەش نییە. بابەتێک لە شانۆدا هەیە پێیدەڵێن کۆرۆگرافی یان دیزاینی جوڵە، بۆ نمونە نمایشێکت هەیە دیمەنێکی سەمای تێدایە، کۆمەڵێک کەس دێنیت لەسەر بنچینەیەکی ئیستاتیکی دیزاینی جوڵەیان بۆ دەکەیت ، واتە جەمالیاتی شانۆ.
لەم هۆڵەی ئێمەدا بواری ئەوە هەیە ١٥٠ کەس بهێنینە ژورەوە بەلام بۆ ئەم نمایشەی ئێمە ٢٩ کەس زیاتر ناهێنینە ژورەوە. ئەم ژمارە کەمە بۆ ئێمە پێویستە لەبەر کۆمۆنیکاسیۆن. ئەم ئیشە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ ەوە تا ئەپریلی ٢٠٠٥ قۆناغی یەکەمی ئەزمونگەری تەواو بوو ناومان نا یەکەم ڤیرزیۆن، کە ئەمەش نمایشێکی تەواوە. لە مانگی شەشەوە ماتریالەکانی ئەوە و لەگەڵ ماتریالی تازە قۆناغێکی تازەی پێ دێتە پێشەوە. ئەو ماتریالانەی پێویست نابێت دەچێتە دەرەوە. چونکە ئەگەر ماتریالەکە دروستکراو بێت، تاقیدەکەینەوە بزانین بەبێ ئەو ماتریالە ئیشەکە دەروات، ئەگەر رۆیشت ئەوا نامێنێت. ئەمەیە ئیشی ئەزمونگەریانەی ئێمە. واتە مەسەلەیەک نییە ئێمە بۆ ئیستاتیکا ئیش بکەین. }

- پرسیار: دیکۆر چ تەفسیرێکی هەیە لەلای ئێوە؟

- شەماڵ/ { دیکۆرمان نییە تەفسیر بکات. واتە دیکۆرمان نییە بە مانای دیکۆر،کە تەعبیر لە کات و شوێنێکی دیاریکراو بکات. بەڵکو کۆمەڵێک شێوەن یان پارچەن کە پێویستی دەیانهێنێتە ناو دیمەنەکانەوە. ئەزمون زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لەم بوارەدا کاردەکات. یەکەم شت بۆ ئێمە شوێن گرنگە بەلامانەوە، چونکە شوێن ئێمە کۆدەکاتەوە. هەروەها لەبەرئەوەی ئێمە بە هەست ئیش دەکەین، کەواتە دانیشتنی شێوەی بینەریش گرنگی خۆی دەبێت. }

لە میانەی گفتوگۆکەماندا شەماڵ تێکستێکی یەسنای زەردەشتی بەکارهێنا نازانم تاوەکو چەند نوسینەوەکەم راستە، بەلام ئەوەی من گوێم لێبوو بەم شێوەیە بوو:

- شەماڵ/ { ( هێی گەوشا بورڤا گەرەج داکا بائیما، سڤەروشدام کاما تەشەک ئاما، هێی ئەشمو هەزەز، چارەبوو ئایشتایە،دەرەش چا، تەفیش چا، نوئیل موڤاتی ....... لەم کاتەدا من وەکو مرۆڤێک ئەم تێکستە چیم ئەداتێ، ئەگەر تەفسیری تێکستەکە نەکەم، نەشگەرێم بزانم تێکستەکە چی تێدایە. تێکستەکە زەردەشتییە و کۆنە، تێکستێکی یەسناییە. واتە تێکستە یەکەم و سەرەتاییەکانی زەردەشتە. بەلام نەختێک ئیشم تێدا کردووە، بۆ نمونە هێی یەکانم بۆ زیادکردووە. ئەم تێکستە مانای هەیە، کە داوا لە ئاهورامازدا دەکات، دەڵێت: (تۆ ئێمەت خەلق کردووە، وەرە سەیری ئەم دنیایە بکە شێواوە و هەمووی جەنگەل و کوشتن و بڕینە، فریامان کەوە). شتێکی هاوچەرخە و بۆ ئێستاش دەبێت. من خوێندومەتەوە و بیستوشمە}.

- پرسیار: ئەگەر خوێندوتەوە یان بیستوتە، شێوازی دەربڕین و ئاوازەکەت لە کوێوە هێناوە؟

- شەماڵ/ { لە خۆمەوە هاتووە و خۆم دروستم کردووە. بەلام کاریگەری هەیە و هەر بۆیەشە بەشێوەیەکی تر نایڵێم. من نەهاتوم شوێن ناوەڕۆکەکەی بکەوم. من لەوێدا کە دەیڵێم دنیا و ژیانێکی ترم هەیە. ئا لێرەدا و لە کاتی دەربڕینی ئەم

تێکستەدا پێویستی وای لێکردم کە شتێکی ڕەقم لەبەردەستدا بێت. ئا لێرەوە بیرۆکەی هاتنەناوەوەی ئەم مێزە دروست بوو. کەواتە دیقەت بدە پێویستییەکان چۆن دروست دەبێت، پێش هەموو شتێکیش هی خۆم. پاشانیش پێویستم بە روناکی بوو، دەکرا وەکو شتێکی مۆدێرن مێزێکی شوشە بهێنین و لە ژێریدا روناکییەک بەکاربهێنین، بەلام من مۆمێکم دانا وەکو سەرچاوەیەکی روناکی. ئینجا حاڵەتە دراماتۆگیەکە ئەمێنێتەوە لای من، نیگار و ساسان. کەواتە پێویستیم بە روناکی یان رەنگ وای لێکردم ئەم مۆمە دابنێین، حەزیشم کرد ئەو روناکیە لەژێرەوە لێمبدا نەک لە سەرەوە. سەیرکە چۆن تۆن بیرۆکە دروست دەکات نەک تەفسیرێکی فکریانەی نمایشکردن. }

- پرسیار: ئەمەی کە لێرەدا هەیە و پرۆڤەی لەسەر دەکەن، پاشانیش کاملی دەکەن و پێدەگات. کە دەچنە شوێنێکی تر دەبێت ئەم کەشە دروست بکەنەوە؟

- شەماڵ/ { مەرج نییە لە سەدا سەد، بەتایبەتیش لە ڤیستیڤاڵدا، چونکە لە هەموو ڤیستیڤاڵێکدا ئەو توانایە نییە ئەوەی کە خۆت هەتە لەوێوە دەستت بکەوێت یان لەگەڵ خۆتدا بیبەیت. بەلام هەوڵ دەدەین ئەو کەشە دروست بکەینەوە. بەلام مەسەلەی دەنگ، لەش و کارەکە هەمووی وەک خۆی دەمێنێتەوە. هەوڵ دەدەین ئەتمۆسفیرەکە دروست بکەینەوە و هەمان پانتایشمان دەست بکەوێت.
پێکهاتنی پرۆسەیەکی وا زۆر بەزەحمەت دروست دەبێت. من یان نیگار و ئەوانی تریش لە پرۆسەکەداین، جاری وا هەیە دوو مانگ ئێمە وا دەڕۆین، ئینجا هەوڵ دەدەین هەر یەکێک لە ئێمە دەرچونی خۆی بکات. بەلام بە هەمان وزە، میلۆدی تۆنمان بداتێ، بۆ ئەوەی ئەوانی تر بزانن وەزعیان لە کوێدایە. ئەمەش واتە چۆن خۆم یان لەشی کەسێکی تریان دەبینم. نەک دەرهێنەرێک یان دیزاینەرێکی جوڵە دابنیشێت و بڵێت لەبەرئەوەی ئەم جوڵەیە ئیستاتیکە دەبێت وا بکەیت. ئەم جوڵەیەمان خۆی دیزاین یان کۆرۆگرافی تێدایە، چونکە زۆر راستگۆیانە دروست دەبێت. }

هەروەها کارە شانۆییەکانیان بەش بەش دەکەن، واتە دەیکەن بە چەند ڤیرزیۆنێک و هەر بەشەش بۆ خۆی ژیانێکی تایبەتی تێدایە. کە وەک زنجیرەیەک پێشکەش بە بینەر دەکرێت و دەبێتە نمایشێکی تەواو.

**خاڵە گرنگەکان:**

لە ئەنجامی گفتوگۆکانماندا، ئەزمونی تایبەتی خۆم لەگەڵ لالشدا و هەروەها بینینی هەندێک دیمەنی نمایشەکانیان کە وەکو پرۆڤە لە ئامادەبوونی مندا کردیان، ئەم خوێندنەوانەم لەلا گەلاڵە بوون:

- دانانی شوێنی دانیشتنی بینەر بەشێوەی بازنەیەکی کراوە و تێکەلاو لەگەڵ جێگای نمایشەکردندا، پیادەکردنی پرینسیپی کۆمۆنیکەیشنە. کە دەکرێت بینەر تیایدا ببێت بە بەشێک لە نمایشەکان و هەروەها سەرچاوەیەکی وزەبەخشینیش بۆ نمایشکاران.
- دەنگ یان تۆن، سەرچاوەیەکی سەرەکی جوڵەیە و کۆرۆگرافی جەستەی نمایشکاران دەکات. کاتێکیش گوێت لە تێکستەکان دەبێت، هەست دەکەیت ڕستەی تەواویان لە دەم دێتەدەر، بەلام بەتەواوی سەر بە هیچ ڕێچکە و ڕەچەڵەکێکی زمانێکی دیاریکراو نین. تێکەلاوێکە بۆنی زۆربەی کولتورە کۆنەکانی لێدێت و، لەناویشیاندا ئاهات و هۆرە و مەقامە کوردییەکان. کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە باکگراوندە کولتورییەکان کاریگەری و ڕۆڵی گەلەکانیان لەسەر نمایشکار دەمێنێت و ڕەنگدانەوەی دەبێت.
- گۆرانی، ئاهات و ئاوازەکان یان تەکنیکەکانی دەنگ لەپێناو قوڵکردنەوەی ڕوداوە درامییەکان، یان بۆ دروستکردنی ئەتمۆسفیر، یاخود بۆ بەکارهێنانی وەکو باکگراونێکی شانۆیی نییە هەروەکو لە شێوازاکانی تری شانۆدا بەدی دەکرێن. بەڵکو جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەم جۆرە دەنگانەیە دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی ماتریال و کەرەستەکان، دیاریکردنی شوێن و جێبەجێکردنیان لەم جۆرە نمایشانەدا.
- لە لای لالش، دیاری دەکرێت چەند کورسی لە نمایشەکەدا دابنرێت و هەروەها بینەریان چەند کەس بێت. کە ئەمەش بۆ خۆی ڕێکخستنی پرینسپی کۆمۆنیکاسیۆن و ئەرکی بینەرە، هەروەها بەشداری پێکردنیەتی لە نمایشەکەدا.
- دابەشکردنی درامایەک بۆ چەند ڤیرزیۆنێک واتە چەند وێستگەیەک. کە هەر ڤیرزیۆنەش بە تەنها نمایشێکی تەواوە و ماناو چێژی خۆی بە بینەر دەبەخشێت. بۆ هەر ڤیرزیۆنێکیش وەکو کات پرۆڤە و ئامادەکارییەکان دیاری دەکات، کە زۆرجار نزیک دەبێتەوە لەساڵێک. پاشانیش قۆناغی دوای ئەو دەست پێدەکات و سود لە قۆناغی پێشوتر وەردەگیرێت. واتە ئەنجامی ئەزمون و پرۆڤەکردنی هەمو قۆناغەکان دەبێتە دراما یان نمایشێکی تەواو.
- هەست و ئەزمونی شانۆیی هەماهەنگی نێوان نمایشکارانی لالش دروست دەکات، نەک شەهادە و پلەی خوێندن. چونکە لالش پانتاییەکە نمایشکار دەتوانێت پرۆژەی هەستەکانی خۆی تیادا جێبەجێ بکات.
- لە لالشدا دیکۆر بەمانای دەربڕی کات و شوێنی دیاریکراو



بێت نییە. بەڵکو کۆمەڵێک ماتریال یان پارچەن کە وەکو پێویستی دەهێنرێنە ناو نمایشەکەوە. یاخود وەکو شانۆی باو کار لەسەر یەکسانی پانتایی و سوچەکانی شانۆ ناکرێت کە لایەک قورسە یان بەتاڵە و پێویست بێت پڕ بکرێتەوە و یەکسان بکرێت.

- لە لالشدا مەرج نییە شانۆکاران یەک لێکدانەوەیان بۆ دیمەنێک یان سەراپای نمایشەکە هەبێت. بەلام دەشێت بابەتێک یان ئاهاتێکی هاوبەشیان هەبێت. چونکە هەر نمایشکارێک بۆ خۆی ئازادە لێکدانەوەی چۆن دەبێت، گرنگ ئەوەیە چۆن هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی تردا دروست دەکات. لە هەمانکاتیشدا ئەوەش گرنگە چۆن هەماهەنگی لە نێوان دەنگ و جەستەی خۆیدا دروست دەکات.

- لەنمایشەکانی ئەم گروپەدا کەس نابێتە پاڵەوان و بەتەنها لە سەنتەردا بێت، هەروەها کەسیش نابێتە سێبەر و باگراوند. بەڵکو هەمویان لە سەنتەردان.

**- لە پرۆسەی پرۆڤە و نمایشەکانیشیاندا هەرگیز هەست بە جیاوازی رەگەزی نێر و مێ ناکرێت و بینەریش ئەو پێودانگەی لەلا دروست نابێت.**

- بۆ دروستکردنی ئاهاتێک یان میلۆدییەک، رەنگە سود لە دەقێکی کۆن یان فۆلکلۆری وەربگرن، بەلام هەرگیز نایخەنە چوارچێوەی گۆرانییەوە. بەڵکو لێدەگەڕێن وەکو مرۆڤێک کە کۆرپەیە و گەورە دەبێت و قۆناغەکانی ژیانی دەبڕێت کە دەکرێت بە مەشق و راهێنانەکانیان بەراوردی بکەین، دوای تێپەربونی ئەو قۆناغانە بەپێچەوانەی مرۆڤەوە کە کۆتایی بە مردن دێت، لای ئەمان لەدایک دەبێت.

- کار لەسەر ئەوە دەکەن دەنگ بکەنە شتێکی بینراو و بەدەریبخەن. وشەش وەکو کەناڵێک بۆ کۆمۆنیکەیشن بەکارناهێنن، بەڵکو وەکو کۆمەڵێک تۆنی موزیکی بەکاریدەهێنن.

- ئەنجامی پرۆڤە و نمایشەکانیان وەکو ئەرشیف لە هەست و یادوەری خۆیاندا دەمێنێتەوە و بەردەوامیش گەشەی پێدەدەن و لە پرۆژە نوێیەکانیاندا سودی لێدەبینن.

- حالەتێکی جیاوازی تریش ئەوەیە کە کەس ناتوانێت جێگای کەسێکی تر بگرێتەوە. واتە لە نمایشێکدا ئەگەر نمایشکارێکیان بە هەرچ هۆیەک بێت نەیتوانی ئامادە بێت ئەوا کەسی تر ناتوانێت جێگای بگرێتەوە. چونکە هەر نمایشکارێک ماوەیەکی ویستووە تاوەکو بەو جۆرە تۆنە دەنگییە و ئەو جەستە لاستیکییە گەیشتووە. بەلام لەوانەیە بتوانن بەشێوەیەکی تر مونتاج و لەحیمی دیمەنەکان بکەن کە پێشکەشی بکەن و جەماوەریش هەستی پێنەکات.

- نمایشکار لە ئەزمونی لالشدا یادوەری خۆی، رۆشنبیری و توانای خۆی، مێژوی ژیان و ئەزمونی خۆی لەپێناو بەجێگەیاندنی پەیامی خۆیدایە. واتە وەکو مرۆڤێکی تەواو گۆڕان ( Transformation ) دەکات. بەپێچەوانەوە لە رێبازە شانۆییەکانی تردا ئەکتەر هەمو هەوڵ و رۆشنبیری و تواناکانی خۆی بۆ ئەوەیە رۆڵی کەسێکی تر لە نمایشەکاندا ببینێت و جگە لەمەش دەبێتە بەشێک لە نمایشەکە بەهاوکاری روناکی، مۆزیک و دەنگ، باگراوندی فۆتۆ و ڤیدیۆیی، دیکۆر، جلوبەرگ و ئارایشت و ..هتد..

- لەلای گروپی لالش تێبینی و تێروانینی دەرهێنەر، دراماتۆگی گۆڕان ناسەپێنێت بەسەر نمایشکاردا، بەڵکو وەکو کردارێکی ئیرادیانە کار دەکەن و نابنە کاراکتەر.

- کاتێکیش پرۆسەیەک جێبەجێ دەکەن بیری لێناکەنەوە بەڵکو تیایدا دەژین. بۆ نمونە هەرچەندە کە مرۆڤ بە هەناسەدان دەژی بەلام بیر لە پرۆسەی هەناسەدانەکەش ناکاتەوە. کەواتە نمایشکار لە لای ئەمان دەبێتە زیندەوەرێکی یەکگرتوی پێکهاتو لە دەنگ، جەستە، یادەوەری و .. هتد... هەرئەمەشە وادەکات تەنانەت لەکۆنتاکتکردنی نێوانیشیاندا بیر لەیەکتری نەکەنەوە بەڵکو بە ئامادەگی تەواوەوە لە پرۆسێسەکەدا بژین. ئەمەشە وای کردووە کارەکانیان بە پێرفۆرمانسی ریتوالی ناوببرێت. چونکە چەمکی پێرفۆرمانس لە هەمو جیهاندا واتای نمایشی شانۆیی دەگەیەنێت، بەلام پرۆسێسەکە لەلای لالش بووەتە بەیەکگەیشتنی پێرفۆرماتیڤی.

- پرۆژەکانی لالش کردن نییە بەڵکو بە ئەنجام گەیاندنە، واتە گەیاندنی کارێک بەتەواوەتی بە دوا ویستگەی.

- لالش جەماوەر یان بینەرەکەی لە تاریکیدا دانانێت، دەیەوێت بە تەواوەتی بیانبینێت و هەستیان پێبکات، چونکە وەکو مرۆڤێکی تەواو حسابی بۆ دەکات و دەشیەوێت کۆنتاکتی لەگەڵدا بکات و بشبێتە سەرچاوەیەکی وزە بۆی. ئەمەشە زۆرجار بینەرەکانیان لەکاتی نمایشەکاندا و بەتایبەتیش ئەوانەی یەکەمجارە کارەکانیان دەبینێت هەستێکی دوودڵی و ترس لەلایان دروست دەبێت کاتێک تەرکیزی نمایشکارێکیان دەچێتەسەری. کە ئەمەش پێچەوانەی شێوازی شانۆییەکانی ترە کە ئەکتەر بەگشتی هەستی ترس و دوودڵی لەلا دروست دەبێت و هەروەها بینەریش لەتاریکیدا دادەنیشێنرێت و تەنها سەرشانۆ و دەوروبەری ئەکتەرەکان روناکە.

- لالش ئەزمونێکە کە نمایشکار دەتوانێت وەکو مرۆڤێکی ئازاد هیوا و خەونە هونەرییەکانی تیادا پیادە بکات و لە هەمانکاتیشدا سەنتەری دروستکردنەوەی باوەربەخۆبون و ئازادکردنی دەنگ و جەستەی مرۆڤە تا بگاتە ئەو ئاستی هەستە شاراوەیەی کە پێویست دەکات پێی بگات. لێرەشەوەیە ئەم پرۆسێسە بۆ کەسانێک کە باکگراوندێکی رۆشنبیری، کولتوری و ئەزمونی تەواوی نییە زەحمەت و گران دەبێت بۆی.

## بیرۆکە وەک ئامانج:

ئەم بیرۆکەیە هەروەکو کۆمەڵێک فاکتەر جولاندویەتی، بە هەمان شێوە کۆمەڵێک ئامانج لای کردومەتە بابەت و وەک پێویستییەک دەمەوێت بگاتە خوێنەرانی کورد و بەتایبەتیش شانۆکاران. کە دەکرێت لەم خالانەدا چڕ بکرێنەوە:

-بەنوسین کردنی ئەزمونی شانۆکاران و، بەتایبەتیش بواری شانۆی ئەزمونگەری کە نوسینەوەی کەمێک گران و زەحمەتە.

-تا شانۆکارە خوێندکار و گەنجەکان سوود لە ئەزمونەکانی پێش خۆیان وەربگرن و لە خاڵی سەرەتاوە دەستپێنەکەن.

-زیادکردنی سەرچاوەیەکی نوێ لە بواری پرۆژەکانی لابۆری شانۆییدا.

-تێگەیشتن لەو ڕاستییەش کە دەکرێت سنوری بنەما سەرەکییەکانی باوی شانۆگەری تێکبشکێنرێت و سڵ نەکرێتەوە لە دەستکاریکردنی پیرۆزییەکانی.

-تا شانۆکار سەربەستانەتر هەڵبسوڕێت و بینەریش هەست بە نامۆیی نەکات. نزیکبونەوە و تێکەڵاو بوونی زیاتر لە نێوان ئەم



دوو فیگورەدا بێتەکایەوە.
-زیاتر کارپێکردن و بەدەرخستنی دەنگ و جەستە، نەک زمان و ووشە ئەبستراکتەکان. ئەمەش لە پێناو هێنانەکایەی زمانێکی شانۆیی یەکگرتوو کە خەڵکە زمان جیاوازەکان تێبیگەن.
بۆچی ئاوڕم لە لابۆری شانۆی لالش داوەتەوە؟
لابۆر لە شانۆدا، واتە شوێنی شیکاری و لێتوێژینەوەی سیناریۆی شانۆیی و لە هەمانکاتیشدا دۆزینەوەی ڕاهێنانی نوێی دەنگی و جەستەیی. کە دەکاتە کردارێکی ئەزمونکارانە و گەڕان بەدوای هەر شتێک کە لەڕابوردودا پەی پێ نەبراێت. بەمەش داهێنان دێنێتە کایەوە. لەوانەشە هەندێک دەرئەنجامیش لەڕەوتی پشکنینەکاندا دەربکەون و ببنە فاکتەری بەردەوامی بۆ ئەنجامێکی قایلپێکراو. واتە ڕێگرییەک نابێت بۆ دیاریکردنی ئامانج و بەدەستهێنانی شێوازی نوێی پێرفۆرمانس. یان کارکردن لەسەر جەستە و دەنگ وەک دوو ڕەگەزی سەرەکی بۆ هاتنەکایە و خوڵقاندنی داهێنانی نوێ. کەواتە ئەزمونکاری لەم بوارەدا بەگژاچونەوەی کۆسپ و تەنگەژەکانە، لە هەمانکاتیشدا بڕین و تێکشکانی سنورەکانی هونەری شانۆکارییە. ئەزمونکاری پرۆسێسێکە کە کار لەسەر جەستە، دەنگ و پانتایی دەکات. چونکە هەریەک لەم ڕەگەزانە دەربڕینێکی هەیە و هەمووش پێکەوە داهێنان دەخوڵقێنن.
دیارە دەنگ و جەستە دوو ڕەگەزە سروشتییە سەرەکییەکەی مرۆڤن بۆ دەربڕین و کۆمۆنیکەیشنی نێوانیان. کە بۆ هەر ناوچەیەک بە پێی خاسیەتی کۆمەڵگاکان ناسینەوەیەکی هێناوەتە کایەوە و هەر ئەمەشە پێی دەوترێت کولتوری تایبەت بە فلان کۆمەڵگا و فلانە میللەت. کە چەندین کاریگەری جیۆپۆلیتیکی وجوگرافیای ئەو ناوچانە ڕۆڵی تیایاندا دەبینێت. ئالەمەشەوەیە فۆرمە جیاوازەکان دروست دەبێت و ئیدارەی ژیانی ڕۆژانەی هەر کۆمەڵگایەک لە ڕووی کولتورییەوە دەکات، ڕەنگدانەوەی بەسەر سەراپای هەڵسوکەوت و جوڵەیان لە هەمو بوار و بۆنەکانیاندا دەبێت.
لێرەشەوەیە دەکرێت باس لە گوتاری ئەنترۆپۆلۆگی لە شانۆدا بکەین کە هەمیشە هەوڵ و گەڕان بووە بەدوای شانۆیەکی جیهانیدا تاوەکو سنورە کولتورییەکان بسڕێتەوە. بەلام گوتاری ئەنترۆپۆلۆگی لەلای لالش پەیامێکی زۆر جیاوازتر لەخۆدەگرێت، ئەویش کارکردنە لەسەر میتۆدێکی ئینتەرکولتورێلی کە تاکەکانی کولتورە جیاوازەکان بەشدار بن، هەموش تێبیگەن و لەهەمانکاتیشدا بەسەر گرێ کولتورییەکاندا زاڵ ببن. بەبێئەوەی سنورە کولتورییەکان بسڕنەوە و ناسنامەی خۆشیان لەدەست بدەن.

- پرسیار: سیستەمێک هەیە کە ئەو دەنگ و لەشەی کولتورە جیاوازەکان پێکەوە کۆبکاتەوە؟
- شەماڵ/ ((بەڵێ، ئەزمونی لالش. دەکرێت بڵێیت جۆرێکە لە سیستەم، بەلام ناتوانیت بڵێیت یەک، دوو، سێ. بەڵکو دەبێت ئیشی پراکتیکی لەسەر بکەیت. منصف السویسی کە هونەرمەندێکی بەناوبانگە و دەرهێنەرێکی گەورەیە و لە فەرەنساش ناسراوە لە تونس وتی: ( بیستومانە زۆری ئەوروپا و ئێرەش هەر باس لە لابۆر دەکەن، بەلام ئەمەی لالش لابۆری ڕاستەقینەیە. لە زۆر شوێن دەڵێن وەرشە، ستۆدیۆ، لابۆر، یان ئەزمونگەری، یاخود لێکۆڵینەوە، بەلام ئەمەی ئێوە بەپراکتیک لێکۆڵینەوە و لابۆر و ئەزمونگەرییە).زۆر خەڵکانی شارەزای تریش بەکارەکانمان سەرسام بوون و هەمان ڕایان هەبووە.))
ئەم دابەشکردنە کولتورییە بە چ پرۆسێسێک و لەسەر چ پانتاییەک دەبێتەوە بە یەک یەکە؟ کاتێک ئەوەش بزانین کولتورەکان بە هەموو تایبەتمەندییەکانیانەوە و زمانەکانیش بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، کۆکردنەوەیان لەسەر یەک پانتایی ئاسان نەبێت. بەلام ئەم پرۆسێسە هەر لە نێوەندێکی توێژینەوەی شانۆ و پێرفۆرمانسی کولتوری و کردەیەکی لابۆراتۆریۆمی وەکو لابۆری شانۆی لالش دا دەبێتە پرۆژەیەکی پراکتیکی و بە ئەنجام دەگات.

**لابۆری شانۆی لالش:**
لابۆری شانۆی لالش، وەک پێداویستییەکی میتۆدی و پراکتیکی بۆ توێژینەوەی ئەزمونکاری و گەڕانێکی بەردەوام بەدوای زمانێکی نوێی کۆمۆنیکاسیۆنی شانۆییدا، لە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسادا هاتۆتە کایەوە. ئەم لابۆرە تایبەتە بە هەردوو هونەرمەندی بواری شانۆی ئەزمونکاری کوردی، نیگار حەسیب قەرەداخی و شەماڵ عومەر. کە توانییان دوای گەڕان و پشکنینێکی بەردەوام لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بەنێو میتۆدە گرنگ و کردەلابۆرییە جیهانییەکانی بواری شانۆدا بە ئەنجامی بگەیەنن. لە هەمانکاتیشدا هەر لەو ماوەیەدا توانییان کۆمەڵێک ئەزمونی پراکتیکی گرنگ لە نەمسا و کۆمەڵێک لە ولاتانی تری ئەوروپادا پیادە بکەن کە هەڵگری گەلێک پرسیاری ئەلتەرناتیڤی بن.
پاشانیش دوای هەوڵێکی زۆر و بریارێکی بوێرانە، ئەو هۆڵەی کە بە گرێبەستی کاتی پرۆژەکانیان تێدا پیادە دەکرد، توانیان لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بە هاوکاری دەزگا کولتورییەکانی ڤیەننا بیکەنە سەنتەرێکی تایبەت و جێگیر بە لالش. لێرەشەوە ئاوات و حەزەکانی ئەم هونەرمەندانە زیاتر گەشە بکات و بە پراکتیک ببێتە نێوەندی توێژینەوەی شانۆ و پێرفۆرمانسی کولتوری لە ژێر تایتلی (لابۆری شانۆی لالش)دا.

له ساڵی ١٩٩٩ ەوە ئەم لابۆرە توانیویەتی لەگەڵ لابۆر و سەنتەرە جیهانیەکانی تردا کە هەریەکەیان خاوەنی میتۆدی کارکردنی خۆیانن و ناوبانگیان هەیە، چەندین ئاڵوگۆڕی میتۆدی بەئەنجام بگەیەنێت. کە بریتین لە:
-(پاراتا لابۆر)ی ڤالتەر پفاف، لە فەرەنسا و سویسرا، ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠١.
-ستۆدیۆی (کازوۆ ئونۆ) کە رابەر و داهێنەری (بوتۆ دانس)ە. لە یۆکۆهامای یابان، ساڵی ٢٠٠٢.
-سەنتەری کارکردنی (جێرسی کرۆتۆفسکی و تۆماس ریچارد)ی ئیتالیا، ساڵی ٢٠٠٣ لە ڤیەننا و ساڵی ٢٠٠٤ لە نۆڤیسادی نزیک بەلگراد.
-شانۆی نەتەوەیی ئازەربایجان، کە بریتی بوون لە بەختیارخان زادە و قوتابییەکانی، ساڵی ٢٠٠٣.
-(شانۆی نۆ)ی یابانی، لە بواری تەکنیکی دەنگدا، تۆکیۆ، ساڵی ٢٠٠٤.
-لابۆری کرۆتۆفسکی، لە ڤراسلاڤی پۆلۆنیا، ساڵی ٢٠٠٥.
-ئۆدین تیاتەری (یۆجینۆ باربا)، لە لابۆری کرۆتۆفسکیدا لە پۆلۆنیا، ساڵی ٢٠٠٥. کە بریتی بوو لە چواردەهەمین ڤیستیڤالی نێونەتەوەیی قوتابخانەی شانۆی ئەنترۆپۆلۆگی.
هەروەها لالش توانیویەتی بەشداری چەندین کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵی جیهانی و نێونەتەوەیی بکات. جگە لە چالاکییەکانی سالانی پێشوتریان، لە ٢٠-٣٠ ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٥ دا لە خولی هەڤدەهەمینی ڤیستیڤاڵی نێونەتەوەیی بۆ شانۆی ئەزمونگەری لە قاهیرە بەشدارییەکی بەرچاو و سەرنجراکێشی هەبوو کە ٤٨ ولات بەشدارییان کرد. لە کۆتایی هەمان ساڵدا بەشداری دوانزەهەمین ڤیستیڤاڵی شانۆیی نێونەتەوەیی قرتاجی لە تونس کرد، کە تیایدا لە سەرجەمی ٢٠٠ بەرهەم تەنها ٤٨ بەرهەم لە ١٥ ولاتی جیهانەوە میوانداری کران و لالش توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت و تەنانەت لیژنەی ڤیستیڤاڵەکە لەسەر داواکارییەکی زۆری ئامادەبووان رەزامەندی خۆی بۆ دوبارە نمایشتکردنەوەی نمایشەکەی لالش دەربڕی و ئەم ئەزمونەش وەکو کاتاگۆری ڤیستیڤاڵەکە بە ئەزمونی (پردی پاشەرۆژ) ناوزەدکرا.هەروەها لە ڤیستیڤاڵی شانۆی ئەلتەرناتیڤی لە دورگەی کریتەی یۆنانی لە ٢٠٠٦ بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو.
دوا پرۆژەی ئەزمونگەری لالش ویستگەی دووەمی پرۆژەیەکی ساڵی پێشوترە بەناونیشانی (no shadow – بێ سێبەر).
کە دەیانەوێت لە ئەپریلی ٢٠٠٧ ەوە لە نەمسا، ڤیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کۆسۆڤۆ، ئۆکرانیا و تونس بەشداری پێبکەن.
ئەم لابۆرە لەلایەن دامودەزگا ئیداری و کولتورییەکانی نەمساوە بەردەوام پشتگیری کراوە و هەروەها سالانەش کە چەندین گەشتی شانۆیی دەکەن و بەشداری ڤیستیڤاڵە جیهانییەکان دەکەن، بەشی کولتوری وەزارەتی دەرەوەی نەمسا یان باڵوێزخانەکانیان لە ولاتەکاندا تێچوی گەشتەکانیان دەگرنەئەستۆ و هاوکارییان دەکەن.

